ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٩١ ▪ چوارشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ _ ٣ی فێورییەی ٢٠٢١
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## خالید عەزیزی: لایەنە نێودەوڵەتییەکان ڕەشبگیرەکەی کوردستان بەهەند وەربگرن



کاک خالید عەزیزی داوای لە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئورووپا و سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست کردووە لە بەرامبەر شەپۆلی نوێ سەرکوتی کوردەکان لە ئێراندا بێدەنگ نەبن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاندوە لەکاتێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا وەک دەرفەتێک بۆ کەمکرانەوەی فشارە نێونەتەوەییەکان لەسەر خۆی دەبینێ، لە ئاستی نێوخۆییدا ئەو ڕێژیمە سیاسەتی سەرکوتی خەڵک و ڕاوەدوونانی چالاکوانانی بەتایبەت لە کوردستان چڕتر کردۆتەوە.

(دەقی ئەم بانگەوازە لە لاپەڕەی ٣دا بخوێنەوە)

## ڕێژیمی ئیسلامی بە ڕەشبگیر و چەواشەی مێژوو

# زەبوون لە بەرامبەر بزووتنەوە و خۆڕاگریی میللەتێکدا



سەروتار

## «زەویی ئێمە دانی ئێوەی لێ شین نابێ»

**عەلی بداغی**

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە یەک مانگ و نیوی یەکەمی زستانی ئەمساڵدا ١٦٠ کەس لە چالاکانی سیاسی، فەرهەنگی و مەدەنی و ژینگەپاریزیی کوردیان بە تۆمەتی چالاکی لە دژی ڕێژیم دەسبەسەر کردووە. شەپۆلی نوێی ڕەشبگیریی ئەم دواییانە لە کوردستان ئەگەرچی لە رووی ژمارەی زۆری بەندکراوان ئەویش لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا تایبەت دەنوێنێ، بەڵام دیاردەیەکی تازە نییە؛ لەبەر ئەوەی دامودەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم تەنیا لە پێنج ساڵی رابردوودا ٣١٠٠ کەس لە چالاکانی کوردیان لە بەندیخانە پەستاوتووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە کوردستان شەڕە و ئەو شەڕەش پتر لە ٤٠ ساڵە بەسەر کوردستاندا سەپاوە و لە فۆرمی جۆراوجۆردا بەردەوام بووە.

ئەم شەڕەی کۆماری ئیسلامی بە کوردی دەفرۆشێ، لە بەهاری ئازادیی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بە لەشکەرکێشیی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ناوەندی و بە پشتقایمیی فیتوای ئایەتوڵلا خومەینی بۆ بنەبڕکردنی "کوفر" لە کوردستان دەستی پێ کرد. کوفرە گەورەکەی کورد ئەوە بوو زۆر زوو جەوهەری دەسەڵاتی نوێی لە تاران ناسی و ئامادە نەبوو ئەو ڕێژیمە بەرەسمی بناسێ. کوفرەکە ئەوە بوو خەڵکی کوردستان ئەو ماف و ئازادی و ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

**مستەفا مەولوودی:**

## ترسی کۆماری ئیسلامی لە وێژمانی بەڕۆژی حیزبی دێموکراتە

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند هەوڵی ڕەشکردنی ڕێبەرانی کورد و پرسیار دروستکردن لەسەر بزووتنەوەی کورد نیشانەی زەبوونی و داماویی کۆماری ئیسلامییە.

کاک مستەفا مەولوودی لە ڕێورەسمی کۆتایی دەورەی ٢٤٠ی سەرەتایی پێشمەرگەدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گوتاری سیاسی و نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەترسێ، چونکی دوای تێپەڕینی ٧٥ ساڵ ئەم وێژمانە سیاسییە هەر دێ و پتر لە کۆمەڵگەدا جێ دەگرێ و جێ بە کۆماری ڕێژیمی ئیسلامی لێژ دەکا. ئەم وێژمانە ئازادی و دێمۆکراسیی بۆ ئێران دەوێ و خەڵکی کوردستان بۆ مافویستی و بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان هان دەدا و لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان بۆ ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندا قورس و قایم ڕاوەستاوە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە ئاماژە بەو شاڵاوە نوێیە میدیاییەی کۆماری ئیسلامی کە لەو ڕۆژانەدا ڕێ کەوتووە، گوتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە ڕوخساری ڕێبەرانی شوێندانەری کورد خەوشدار بکا، هەروەها چەواشەکردنی مێژووی ڕووداوەکان و بەگژ یەکتردادکردنی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد و کەلێن دروستکردن لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و بزووتنەوەی سیاسیی کورد مەبەستەکانی دیکەی پشتی ئەو پیلانەیە. بەڵام خەڵکی کوردستان بە کردەوە نیشانیان داوە کە خاوەندارەتی لە بزووتنەوەی سیاسیی خۆیان دەکەن و ٢١ی خەرمانانی ساڵی ٩٧ باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییە. هەروەها ڕەشبگیرەکەی ئەم دواییانە لە کوردستانیش خۆی لە خۆیدا داننانی کۆماری ئیسلامییە بە شکستی پیلان و ستراتیژییەکانی لە کوردستاندا.

کاک مستەفا مەلوودی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران ڕەسەن و ڕیشەدارە، دێموکرات و ئاشتیخوازە، بەرۆژە و باوەری بە پرەنسیپە جیهانگیرەکان هەیە و هەموو ئەوانەشی بە کردەوە سەلماندووە. بەڵام ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە ناتوانێ لەگەڵ ئەو بەها و بایەخانە خۆی بگونجێنێ و ڕەگداکوتانی ئەو ئەرزشانە بە هۆکاری لاوازبوونی خۆی دەبینێ؛ بۆیەشە بە ئاگر و ئاسن و مووشەک و کوشتوبڕ و ڕەشبگیر بەرەورووی دەبێتەوە و هەموو جارێکیش هەر شکان و شکستی پێ براوە.



**ئێمە و شەڕی ڕەوانیی کۆماری ئیسلامی** ٤



**کوردستان، مۆتەکەی سەرشانی ڕێژیمی ئیسلامی** ٦



**بەرجام لە پێناو مانەوەدا** ٦




**کۆماری ئیسلامی شەکەتی ئاسنی ساردکوتان** ٨



**تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی** ٩

کوردستان
• ژمارە ٧٩١
١٥ی ڕیبەندانی ١٣٩٩ _ ٣ی فێورییەی ٢٠٢١

# جلوبەرگ وەک مۆرکێکی شوناس



عومەر باڵەکی

جۆر و شێوەی جلوبەرگ لەنێو هەموو نەتەوەکان‌دا بە یەکێک لە نیشانەکانی شوناسی فەرهەنگی و نەتەوەیی ئەو نەتەوەیە دادەنرێ. واتا لەنێوان فەرهەنگ و شوناس و جلوبەرگی هەر نەتەوەیەکدا پێوەندییەکی نەپچراو هەیە، هەر ئەوەشە وا دەکا نەتەوەکان تەنانەت بە هۆی جلوبەرگیانەوە بە ئاسانی لێک بکرێنەوە، یان نەتەوەیەکی پێ بناسرێتەوە.

بێگومان هەر نەتەوەیەک بەپێی هەلومەرجی جوغرافیایی و ڕەوتی مێژوویی کە پێیدا تێپەڕیوە و پێداویستییەکانی ژیانی، جۆرێک جلوبەرگی تایبەتیی بۆ خۆی دابین کردووە و ئەو جلوبەرگە بە تێپەڕبوونی زەمان و نیازی سەردەم ئەگەر ئاڵوگۆڕێکیشی بەسەردا هاتبێ، بەو ڕادەیە نەبووە کە ڕەسەنایەتیی خۆی لەدەست بدا. بە واتایەکی دی جلوبەرگ یەکێک لە گرینگترین هێماکانی شوناسی نەتەوەیی هەر گەلێکە و پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە فاکتۆر و بنەماکانی دیکەی پێکهێنەری ئەو گەلە، بۆیە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە دەکرێ و دەتوانرێ لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لەسەر جلوبەرگی هەر نەتەوەیەک، بە هاسانی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی شوناسی ئەو نەتەوەیە دەربخرێ و دەتوانێ سەرچاوەیەکی گرینگ بێ بۆ ئەوەی مێژوو و تەنانەت خاڵی شاراوەی ئەو نەتەوەیە دەستنیشان و ئاشکرا بکرێ.

لە سەردەمی ئێستادا نەتەوە باڵادەستەکان بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان لە خۆیان‌دا و زاڵبوون بەسەریان‌دا، لە تەنیشت سەرکوت و زەبروزەنگ، پلان و پیلانیان بۆ ئەوەیە فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە بەتایبەتی جلوبەرگ و نەریت و بۆنەکانیان بکەنە ئامانج، چونکە بە گۆڕینی فەرهەنگ و شێوەی جلوبەرگی هەر نەتەوەیەک جۆری ژیان و تەنانەت بەرهەم‌هێنانیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و بەرە بەرە ئەو ئاڵوگۆڕە کاریگەریی خۆی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوەیە دادەنێ.

لە مێژووی نیزیک بە سەد ساڵی ڕابردووی ئێران‌دا هەر دوو سیستمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بە هەموو ڕێگایەکدا هەوڵیان داوە لەژێر ناوی "ئێران یەک وڵات و یەک نەتەوە"دا، کولتوور و زمانی نەتەوەی فارس بەسەر گەلانی دیکەی ئەم وڵاتەدا بسەپێنن. ئەو ڕەوتە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشای پەهلەوی‌دا دەستی پێ کرد و کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا وەک میراتگرێکی بەئەمەگ درێژەی بەم پرۆسەیە داوە. بەڵام هەر ئەوکات کە ڕەزاخان دەستی بەو پرۆسەیە کرد، ئەوە کوردستان بوو کە بوو بە پێشەنگی خۆڕاگری و بەرەنگاری لە دژی پیلانەکانی ناوەند، کە دیارترینیان شۆڕشی مەلا خەلیل لە ناوچەکانی سەردەشت، پیرانشار و مەهاباد بوو. کۆبوونەوەی هێز لە دەوری مەلا خەلیل ترسی وەبەر دەسەڵاتی ڕەزاشا نا کە نەکا ئەو بزووتنەوەیە کە بە دژایەتیی سیاسەتی یەکدەستکردنی جلوبەرگ وەڕێ کەوتووە، ڕێچکەی خۆی بگۆڕێ و ببێتە جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیی بەربەرینی نەتەوەیی و لەو ناوچەیەوە تەشەنە بکا بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان. بۆیە ڕێژیمی پاشایەتی بە هەموو هێزی نیزامیی خۆیەوە سەرکوتی کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا کورد بەهۆی بەرگریی لە شوناسی نەتەوەیی و خۆڕاگریی ئازایانەی نەیهێشت سیاسەتی هێرشی فەرهەنگیی ڕێژیم لە کوردستان سەرکەوتوو بێ.

بە ڕووخانی سیستمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ستراتیژیی "ئێران یەک وڵات و یەک میللەت" نەک هیچ ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهات، بەڵکوو زیاتر تۆکمە کرا و کۆماری ئیسلامی بە سیستماتیک‌کردنی ئەو ستراتیژییە بەتایبەتی لەژێر ناوی پێڕەوی لە قانوونەکانی دین و مەزهەب زیاتر لە دەسەڵاتی پاشایەتی کاری بۆ کردووە. ئەگەر ڕێژیمی پاشایەتی لە هەوڵی دروست‌کردنی دەوڵەت- نەتەوە لەسەر بنەمای فەرهەنگ و زمانی فارس‌دا بوو، کۆماری ئیسلامی هەنگاوێک زیاتر لە نیزامی پاشایەتی هەوڵی بۆ ئەو یەکدەستکردنەی گەلانی ئێران داوە و لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو ئیمکاناتی ماددی و تەبلیغی لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە دەوڵەت-نەتەوەیەک لەسەر بنەماکانی فەرهەنگ و زمانی فارس‌دا بنیات بنێ کە لە هەمان کات‌دا بنەماکانی مەزهەبی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییشی تێدا بەرجەستە بکرێتەوە. زۆر جاران کردار و ڕەفتارەی کاربەدەستانی ڕێژیم دەرحەق بە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران ئەوەندە زەق و بەرچاو بوون کە نارەزایەتیی بەرینی ئەو نەتەوانەی لێ کەوتووەتەوە.

لەو وڵاتانەی چەندین نەتەوەی تێدا دەژین و بە سیستمی دیموکراتیک ئیدارە دەکرێن، دەوڵەت هەوڵ دەدا و بەستێنی ئەوە دەخوڵقێنێ کە نەتەوەی زۆرینەی ئەو وڵاتە جگە لە زمانی خۆیان فێری زمانی کەمینەکان و ئاشنا بە کولتووری ئەو نەتەوانەش بن، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە هەستی پێکەوەژیان و تەبایی کۆمەڵایەتی لەنێو ئەو نەتەوانەدا دروست ببێ و بەدوور لە هەستی دوژمنکارانە و دمارگرژی نەتەوەیی، ڕێگا خۆش بکرێ کە وڵات لە ئەمنییەت و لە ئارامی‌دا ڕەوتی گەشە و پێشکەوتنی خۆی بپێوێ. بەڵام لە وڵاتانی وەک ئێران کە بە سیستمێکی خۆسەپێن و دیکتاتۆری بەڕێوە دەچن، بە پێچەوانەی وڵاتانی دیموکراتک دەجووڵێنەوە و هەموو هەوڵیان ئەوەیە زمان و فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکانی دیکە لە پێکهاتەی نەتەوەی باڵادەست‌دا بتوێننەوە و بە باوەڕی خۆیان بەوکارە یەک نەتەوە دروست بکەن. بەڵام دەبینین لە ئێران بە درێژایی لانی‌کەم سەدەیەک نەیانتوانیوە لەو پڕۆژەیەدا سەربکەون و لە هەمان کاتیش‌دا ئەو سیاسەتە بۆتە هۆی لێکترازانی زیاتر و دوورکەتنەوەی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و ئەوەش کاریگەریی خراپی هەبووە لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵگەی ئێران لە هەموو بوارەکان‌دا.

پوختەی مەبەست: جلوبەرگ و نەریتەکانی هەر گەلێک ڕەگی لە مێژووی ئەو گەلەدایە، بۆیە بێحورمەتی بە جلوبەرگی کوردی لەژێر هەر ناو و مەبەستێکدا بێ ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی دژایەتی‌کردنی ئەو نەتەوەیە و ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بۆ ئاسیمیلەکردنی کورد دەیکا، ئاسنی ساردکوتانە.

# ئێمە و شەڕی ڕەوانیی کۆماری ئیسلامی



مستەفا شەڵماشی

لەم دواییانەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکات لەگەڵ چڕکردنەوەی توندوتیژی و گرتن و ڕاوەدونانی چالاکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هێرشی نەرمی دوژمنکارانەشی لە دژی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە سەرانسەری کوردستان‌دا بەردەوام بووە. بۆ زۆربەی چاودێرانی سیاسیی ئاشنا بە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی نگریسی‌دا دەرحەق بە نەتەوەی کورد و ئامانجەکانی نەتەوەی کورد و هەروەها ئاشنا بە ڕاددەی قووڵایی هەستی ناسیۆنالیستیی کورد بەگشتی لە پێناوی وەدەست‌هێنانی مافە ڕەواکانی‌دا، شک و گومان نەماوە کە ئەو هێرشە جۆراوجۆرانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەست و بیر و بوونی کورد، سەرچاوەی لە ستراتیژییەک وەرگرتووە کە کورد و مافە ڕەواکانی بە لەمپەرێکی گەورە لەسەر ڕێی درێژەدان و سەرکەوتنی خۆی دەزانێ.

هێرشە هەمە لایەنەکانی کۆماری ئیسلامی کە لەلایەکەوە لە ماوەی مانگێکدا زیاتر سەد کەس لە چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم‌دا خستووەتە ژێر ئەشکەنجە و ئازارە و لە لایەکی دیکەوە بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەک لە فیلم و دۆکومێنتاریی جەعلی کە لەسەر بناغەی سیاسەتی چەواشەکارانە و خۆ هەڵکێشانی دۆنکیشۆت ئاسایانەی خۆی و هێندێک قسەی سەرلێشێواوانی کوردی دابڕاو لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بڵاویان دەکاتەوە، سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی بڕیوە و هەموو بەشەکانی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیشی بە تایبەت کردووەتە ئامانج. دیارە ئەو هێرشە هەمەلایەنانەی کۆماری ئیسلامی نیشانەی ترس و دڵەڕاوکێی ئەو ڕێژیمەیە لە هێزی کاریگەر و شوێندانەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ناوچەکەدا و هیچ شتێک ناسەلمێنێ جگە لە چەواشەکاریی ڕێژیم و ترسی ئەو ڕێژیمە لە جووڵانەوەی کورد بە گشتی و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی.



ڕێژیم لە لایەکەوە ڕەشبگیرییەکی بەربڵاوی دەست پێ کردووە لە دژی چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزی و سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی زاڵکردنی کەشی ترساندن و، لە لایەکی دیکەشەوە بە بڵاوکردنەوەی هێندێک قسەی ژەهراوی لە دژی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە فکری خۆی دەیهەوێ لە نفوز و خۆشەویستیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا کەم بکاتەوە. لە هەمان کاتیش‌دا بە دروست‌کردنی هێندێک فیلمی بێشەرمانە و ڕووهەڵماڵاوانە دەیهەوێ تیرۆریستانی خۆی وەک ڕزگارکەرانی کورد لە دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بناسێنێ و ڕێبەران و پێشمەرگەکانی هەموو کوردستان بە گشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی وەک بێئیرادە و ترسەنۆک لە قەڵەم بدا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر نارەحەتە لەوەی کە پێشمەرگە و هێزی خەباتگێڕی کورد وەک سیمبولی خەبات و تێکۆشان لە دژی تیرۆریزم لە دنیادا ناسراون و وشەی پێشمەرگە چووەتە نێو فەرهەنگی سیاسیی جیهانەوە و ئیدی لە هیچ زمانێک‌دا تەرجومە ناکرێ و هەر وەکوو خۆی بەکار دەهێنرێ. ڕێژیم ژان گرتوویەتی لەوەی کە کچانی کورد بە تایبەت لە کۆبانێ، بوونەتە سیمبۆلی ژنی ئازادە و ئازا و، هاوشانی پیاوانی دلێر سینگی خۆیان کردووەتە قەڵغانی تیری دوژمن بۆ بەرگری لە خاک و نەتەوەکەیان.

ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی نەتەوەی کورد بە گشتی دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو ڕێژیمە لە هەر ئامرازێک کەڵک وەردەگرێ تا گەلی کوردستان لە وەدەست‌هێنانی مافە ڕەواکانی‌دا ناکام بکا و ئەو دوژمنایەتییەشی هەر لە هەوەڵین ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاریەوە بە بەردەوامی پێشان داوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵکوژی، ئیعدام، زیندانی‌کردن و ئەشکەنجە، کۆڵبەرکوشتن، گرتن و ڕاوەدونانی چالاکانی مەدەنی و شەڕی درێژخایەن لە دژی جووڵانەوەی مافخوازیی خەڵکی کوردستان و میلیتاریزەکردنی کوردستان و گەمارۆی ئابووری و بەتاڵان‌بردنی سەروەت و سامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردووەتە ستراتیژیی نەگۆڕی خۆی. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، دەستێوەردان لە کاروباریان، خۆ فەرزکردن، شکاندنی غروور و بەیدەست‌کردنیان و لە هەمان کات‌دا پیلان‌گێڕی و داگیرکاری (وەک ئەوەی لە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی باشووری کوردستان بە هاوکاری جەیشی حەشدی شەعبی کردی) کردووەتە ستراتیژیی خۆی.

بۆیە نەتەوەی کورد پێویستە بە گشتی لەو ڕاستییانە تێ بگا، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە بناغەدا کێشەی لەگەڵ نەتەوەی کورد هەیە بە گشتی. ترسی لە نەتەوەی کورد و جووڵانەوەکەی هەیە. جووڵانەوەی کورد دێموکراسی‌خواز و ئاشتی‌خوازە. لایەنگری پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە لە ناوچەدا. ئەوەش ڕاست لە بەرامبەر ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی‌دایە کە لە سەر بناغەی یەک مەزهەب و یەک نەتەوەی باڵادەست دامەزراوە و تەنیا کەسێک بە ناوی (وەلی فەقیه) بەڕێوەی دەبا. ئەوە جگە لە بیر و بۆچوونی شۆوێنیستیی کاربەدەستانی ڕێژیمیش کە لە بناغەدا دژی بوونی نەتەوەیەکن بە ناوی کورد.

ئێمە ناتوانین چاوەڕوانییەکی لەوە باشترمان لە ڕێژیمێکی تۆتالیتێر، دیکتاتۆر، تیرۆریست‌پەروەر و دژەکوردی وەک کۆماری ئیسلامی هەبێ. بەڵام لە بەرامبەر هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامیدا چاوەڕوانیمان لە خۆمان و ڕێبەرانمان و هێزە سیاسییەکانمان دەبێ چ بێ؟ یا بە واتایەکی‌تر کورد دەبێ چ بکا لە بەرامبەر ئەو هەموو دوژمنکارییەدا؟ بە باوەڕی من ڕێبەرانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێویستە بە ئاشکرا بەرپەرچی دوژمنکارییەکان و چەواشەکارییەکانی ڕێژیم بدەنەوە. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەپێی ئەو ئیمکاناتەی لە بەردەستیان‌دایە کردەوە دژی گەلییەکانی ڕێژیم و پلان و بەرنامەی دوژمنانە و جینایەتکارانەکانی ڕێژیم لەقاو بدەن. چالاکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە لە جیاتی پێکهەڵپڕژان و ڕەخنەی بێ‌جێ و دژایەتی‌کردنی حیزبەکان، کە تەنیا دەبێتە خۆراکی تەبلیغاتی بۆ ڕێژیم، سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و نەیارانی دیکەی کورد و لایەنە بەستراوەکان بە کۆماری ئیسلامی کە بە دایمە دەرحەق بە نەتەوەکەمان خەریکی پیلانگێڕین لە قاو بدەن.

ئێمەی کورد بە هەموومان و لە هەموو ئاست و بەرپرسایەتی و لە هەموو ڕیزەکان‌دا پێویستە بە خۆداچوونەوە بکەین. تاکەی بە شکاندنی یەکتر و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی یەکدی دەمانەوێ بە دەستی خۆمان کەرەسەی چەواشەکاری و ماتریاڵی فیلم و دۆکومێنت سازکردن لەسەر خۆمان بدەین بە دوژمنانمان؟ تاکەی پرسیار بخەینە سەر جووڵانەوەی ڕەوامان و تەنیا بۆ شکاندنی یەکتر هەموو مێژووی خەبات و تێکۆشانمان خەوشدار بکەین؟ بۆ دەبێ کار بگاتە جێگایەک کە خەباتگێڕانی دوێنێمان بێن و بەرگری ڕەوای حیزبەکانمان و گەلەکەمان بە خەباتێکی شکست‌خواردووی چەکداری لەقەڵەم بدەن؟ لەبیرمان چووەتەوە کە کورد تەنیا و تەنیا بۆ بەرگری لە گیان و مانی خۆی دەستی داوەتە چەک؟ بۆچی هێنانی زیاتر لە دووسەد هەزار چەکداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە دوورەدەستەکانی ئێرانەوە بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مەبەستی میلیتاریزەکردنی کوردستان و سەرکوتی جووڵانەوەی گەلی کورد لەبیر دەکەین. بۆچی قەڵاچۆکردنی کورد لە سنە، سەقز، مهاباد، بانە و شارەکانی دیکە و کۆمەڵکوژییەکانی قارنێ، قەڵاتان، ئیندرقاش، وسوکەند، سۆفیان، چەقەڵ مستەفا، نەغەدە و دەیان جێگای دیکە لەبیر دەبەینەوە. ئیعدامەکانی بەکۆمەڵ و بەتاک و زیندانی‌کردنی دەیان هەزار کەس و کوشتنی کۆڵبەران لە بیر دەبەین. بۆچی هێرشی درندانەی نیزامی حیزبی بەعس و ئەنفال و کیمیاباران لەبیر دەکەین و هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر ناوچەدابڕاوەکان و دەستپێکردنی تەعریبی تازە نابینین. بۆچی شەڕفرۆشیی تورکیە لە عەفرین و سرێ کانی نابینین و ڕەفتارەکانی ڕێژیمی سووریە و هێرشی داعش و کۆمەڵکوژیی کورد و کاول‌کردنی کۆبانێ و شەنگاڵ‌مان لەبیر چووەتەوە و لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کارمان بووەتە دژایەتی‌کردنی یەکتر وشکاندنی سیمبۆلەکانمان. بەس نییە یەکتر شکاندن، ڕێبەر شکاندن و خەباتکار شکاندن و حیزب شکاندن.

ئێمە ئەوەندەمان درندەیی لە دژ کراوە کە دەتوانێ خۆراکی دەیان ساڵ لە قاودان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێ. ئێمەی کورد پێویستمان بە یەکگرتن هەیە، نەک یەکتر شکاندن. ئەگەر لە ڕابردووش‌دا هەڵەمان کردوە، یەکتریمان بوغزاندووە یا تەنانەت شەڕی براکوژیمان کردووە، ئەمە با ببێتە بەشێک لە مێژووی تاڵی نەتەوەیەک وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە و، ئیتر دەبێ بیکەینە دەرس، نەک وەسیلەی درێژەدان بە دووبەرەکی و یەکتر بوغزاندن و خۆراکی تەبلیغاتی دانە دەست دوژمن.


پێویستە ئەو هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی بۆ شکاندنمان و بۆ زیندووکردنەوەی دووبەرەکی لە نێومان‌دا بکەینە دەرسێک و ڕاست پێچەوانەی ئامانجەکانی ئەو تەبلیغاتە شوومە بڕیار بدەین و کردەوە بنوێنین. واتە یەک بگرین و بەرەیەکی بەهێزی کوردی لە هەر بەشەی کوردستان پێک بێنین و لەجیاتی مەرایی و ترسان لە دوژمنە ڕەنگاوڕەنگەکانمان، هەموو بەشەکانی کوردستان ببینە پاڵپشتی یەکتر. ئەوە تەنیا ڕێگای ڕزگاری و سەرکەوتنمانە.

# چەند بیرەوەرییەک بۆ یادی کاک جەلیل گادانی

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:**
**کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەنداندا بە بڵاوکردنەوەی کتێبی "پیری دێموکرات" ڕێزی لە یاد و بیرەوەریی نەمر جەلیل گادانی گرت. ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکی بە قەڵەمی کۆمەڵە کەسایەتییەکی سیاسی، ڕووناکبیری و ئاکادیمیی کورد لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی و تایبەتمەندییە کەسییەکانی کاک جەلیل گادانی لەخۆ گرتووە. یەک لەو کەسایەتییە سیاسییانەی کورد کە بابەتی بۆ ئەم یادنامەیە نووسیبوو، بەڕێز کاک سەید برایم عەلیزادە، دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. بەداخەوە لە کاتی دیزاینی کتێبی "پیری دێموکرات"دا وتارەکەی کاک سەید برایم عەلیزادە لەقەڵەم کەوت. وێڕای داوای لێبوردن لە بەڕێزیان، نووسینەکەیان لەسەر نەمر کاک جەلیل گادانی لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بڵاو دەکەینەوە.**




کاک جەلیل گادانی هەر لە سەردەمی منداڵیەوە لە ڕێگەی باوکمەوە لە بنەماڵەی ئێمەدا ناوێکی ئاشنا بوو. باوکم، "حەسەن عەلیزادە"، (١٣٠١-١٣٩٥) لە ساڵی ١٣٣٧هـەتاوی پێوەندیی بە ڕێکخراوی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد دەگرێ و لە ناوچەی شاروێران دەست بە چالاکیی سیاسی دەکا. ئێمە ماڵمان لە ئاوایی خانەگێ بوو کە ئەو کات ٥ کیلۆمیتر لە شاری مەهاباد دوور بوو. (ئێستا لە گەڵ شار تێکەڵ بووەتەوە.) باوکم مەلای ئەو دێیە بوو، بەڵام بە هۆی ئەوە کە بە "بەراتی" مەلایەتی بەڕێ نەدەچوین، فێری سەعاتسازییش ببوو و دوکانێکی لە مەیدانی ئاسنگەران لە مەهاباد بەکرێ گرتبوو، و بەعزە ڕۆژێک بە دوچەرخە دەهاتە شار و سەعاتسازییەکەی دەکردەوە. لە سەرەتاوە سەعاتی "چاڵمە" و دواجاریش فێر ببوو سەعاتی گیرفان و سەعاتی دەستییشی چاک دەکردەوە. باوکم ئەو جۆرەی کە خۆی بۆی گێڕاومەتەوە، لە مەهاباد لە ڕێگەی کاک "حەسن مەنسوری"، کە لەسەر نەبشی شەقامی فەرح و شاپوور دوکانی چافرۆشیی هەبوو و هەروەها کاک سەید حەسەن هاشمی، کە ئەویش دوکانێکی بەزازیی چکۆلەی لە بازاری قەیسەریدا هەبوو، بە نهێنی لەگەڵ کاک جەلیل گادانی، کە ئەوکات لە پلەیەکی بانتری حیزبایەتیدا بووە، ناڕاستەوخۆ پێوەندیی



هەبوو. کاک جەلیل ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دەگەیاندە دەستی کاک "حەسەن مەنسوری" و ئەویش دەیدا بە باوکم و باوکیشم دەیهێناوە بۆ ئاوایی خانەگێ و چەند کەسێکی دیاریکراوی لە خەڵکی "خانەگێ" و گوندەکانی "وسوکەند" و "ئیندرقاشیش" دەهاتنە ماڵمان و شەوانە کۆ دەبونەوە و ڕۆژنامەکەی بۆ دەخوێندنەوە و من و براکەشم لە کەلێنی دەرکەوە تەماشمان دەکرد و نەماندەزانی چ باسە! جاروباریش خۆم شاهید بووم لەگەڵ باری قاچاخی توتن و چا، ئەو ڕۆژنامەیە دەهاتە ماڵی ئێمەوە. دەزانم بابم یارمەتیشی کۆ دەکردەوە و هەر لەو ڕێگەیەوە دەیگەیاندە دەستی کاک جەلیل. دواجار کە کەوتە زیندان، ئەو بابەتەش لە پەروەندەی مەحکومییەتەکەیدا هاتبوو.

پائیزی ساڵی ١٣٣٩ ماوەیەکی کورت دوای گیرانی کاک جەلیل، باوکم و ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی حیزبی دیموکرات، لە مەنتەقەی موکریان گیران و لە ڕێگەی تەوریزەوە بە تەیارەی ئەرتەش گوازرانەوە بۆ زیندانی قەسر لە تاران. داستانی بازجویی و ئەشکەنجەکان، دادگاییکردن و دیفاعییات و مەحکومیەتەکان، خۆی مێژوویەکە کە لە لایەن کەسانێک وا تێیدا بەشدار بوون باس کراوە یان نوسراوەتەوە. ئەوەی ئاشکرایە ئازارێکی زۆر دران، ساڵانێکی سەختیان تێپەرکرد و حوکمی نارەوایان بە سەردا سەپا. ئەوندەی من لە باوکم بیستوومە و لە یاداشتەکانیدا خوێندومەتەوە، لەو ساڵانهدا کە جاروبار لەگەڵ کاک جەلیل کەوتوونەتە بەندێکەوە، دەیگوت کاک جەلیل لەو کەسانە بوو کە بەردەوام خەریکی فێرکردن و فێربوون بوو. ڕێگەی نەدەدا هیچ کاتێک لە ژیانی لە بەندیخانەدا بەفیرۆ بچێت. لەم ڕووەوە خۆی زۆر بە قەرزداری ئەو دەزانی.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە باوکم لەگەڵ ئەوەشدا کە شانازیی بە چالاکیی سیاسیی نهێنی ئەو دەورەیەی خۆی و هاوڕێیەتیی کاک جەلیل دەکرد، لە هەمان کاتدا سەبارەت بە گیرانەکانی ئەو سەردەم ڕەخنەی هەبوو، لە بێسەرەوبەرەیی و ناشارەزایی لە کاری ڕێکخراوەیی و شێوە کاری نەگونجاو لەگەڵ بارودۆخی دیکتاتورییەتی ئەو سەردەمدا: "هەر جارە لەگەڵ هەر هەڵمەتێکی ساواکی شادا ژومارەیەکی زۆرمان دەگیران و ژومارەیەکی زۆرمان بە ناچار ڕێگای کوردستانی عێراق و هەندەرانیان دەگرتەبەر".

قۆناغێکی دیکەی بیرەوەریی ئەمن لە کاک جەلیل دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران و خۆپیشاندان و ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکرنی کاک عەزیز یوسفی. ئەوکات لە ڕێکخراوی نهێنیی کۆمەڵە لە شاری مەهاباددا، لە ڕێگەی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو کاک خانەی موعینی و کاک سلێمانی تیکانتەپە و چەند هاوڕێیەکی دیکە، بۆ ڕێکخستنی ئەو خۆپیشاندانە ناڕاستەوخۆ لەگەڵ کاک جەلیل لە پێوەندی و هاوکاریدا بووین. لە مێژووی خەباتی ئە سەردەمەدا، ئەوە یەکەم خۆپیشاندان بوو لە شاری مەهاباد لە دژی ڕێژیمی شا و لەم ڕووەوە گرینگییەکی تایبەتی هەبوو. لام وایە دەوری کاک جەلیل گادانی لە ڕێکخستنی ئەو حەرەکەتەدا لە هەموان بەرچاوتر بوو.

دوای ئەوە و لە ساڵانی دواتردا پێوەندیی ئێمە و کاک جەلیل چووە چوارچێوەی پێوەندیی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات. دەزانین کە ئەو پێوەندییەش گەلێک هەوراز و نشێوی بەسەردا هات. بە هەڵکەوت نەبێ و بە ڕاگوزار، چاوم بە کاک جەلیل نەدەکەوت. بەڵام لە کاتێکدا کە پێوەندییەکانی کۆمەڵە و دێموکرات پچڕابوون و ناکۆکییەکان بە لوتکە گەیشتبوون، کاک جەلیل هەرگیز باریکە ڕێگەیەک کە بەهۆی خزمایەتییەوە، بۆ لای کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەیبوو، داینەخست. کاک جەلیل لەگەڵ هاوڕێ دوکتور جەعفەر شەفیعی خزم بوون و پێوەندیی شەخسی خۆی لەگەڵ دوکتور جەعفەر بە چاوپێکەوتن، بە نامە و بە پەیغام نەپساند. ئەو پێوەندییە، ئەگەرچی شەخسی و بنەماڵەیی بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دەلاقەیەک بوو، بۆ ڕاگرتنی لانیکەمی پێوەندی کە لەو کاتدا کاریگەریی خۆی هەبوو. سەرەرای گلەیی و گازەندەیەکیش کە ڕووی لە کاک جەلیل دەکرد، ئەو دەلاقەیەی هەرگیز دانەخست.

سەردەمێکی دیکەی پێوەندی من و کاک جەلیل، دەگەرێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە حیزبی دیموکرات کوردستان ئێران، تووشی لێکدابران بوو و "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران– ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، پێکهات. بەدوای ئەو ڕووداوە، شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات لەگەڵ ئەم باڵەی حیزبی دێموکرات بە خێرایی جێگەی خۆی دا بە ئاشتی و بە هاوکاری و بە چاوپێکەوتن و دیالۆگی بەردەوام. کاک جەلیل گادانی ئەوکات وەکوو سکرتێری گشتیی ئەو باڵەی حیزبی دێموکرات، دەوری بەرچاوی هەبوو لە دارشتنی پێوەندیی ئاشتییانەی نێوان دوو ڕێکخراو، لە کاتێکدا کە بەرنامە و ستراتیژ و ڕێبازی سیاسیشمان جیاواز بوو. پێوەندیی شارستانییانەی کۆمەڵە و دێموکرات لەو سەردەمەدا کە کاک جەلیل کەسایەتیی یەکەمی حیزبەکەیان بوو، نمونەیەکی باشی بەدەستەوە دا بۆ ڕێکخستنی پێوەندیی حیزبە سیاسییەکانی چالاک و چەکدار لە کوردستان، بێگومان بەشێکی بەرچاوی ئەو دەسکەوتە بە ناوی کاک جەلیل گادانییەوە لە مێژووی کوردستاندا تۆمار دەکرێ. لە ساڵانی دواتریش دوای یەکگرتنەوە و جیابونەوەی دووبارەشیان، حیزبی دێموکرات هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیەی کە کاک جەلیل یەکێک لە دارێژەرانی بوو ڕۆیشت.

لەم ساڵانەی دواییدا گەلێک جار بە هۆی دۆستی دێرینی هاوبەشمان کاک عەزیز ماملیوە، لە دەرەوەی وڵات چاومان بە یەک دەکەوت. لە کەشوهەوایەکی نارەسمی و دۆستانەدا ئالوگۆڕی بیروڕامان دەکرد. لە دیالۆگ و لە کاتی بەرچاوترین جیاوازییشدا هەمیشە ئارام و پشوو لەسەرخۆ بوو، ئاگاداری وردی ڕووداوەکان بوو، هەرجارە و نوسینێکی خۆی دەخستە بەردەستم: "بزانە پێت چۆنە؟" کاک جەلیل هەر لە زیندانی ڕێژیمی شاوە تا دوایین ڕۆژەکانی ژیانی، دەست و قەڵەمێکی بەکاری بۆ نوسین هەبوو. لەم دەورەیەدا کە زۆرتر چاومان بە یەک دەکەوت، هەستم دەکرد کە کەوتۆتە پەلە بۆ ئەوەی هەرچی هەیەتی تۆماری کات. ڕادەی پەیگیری و ماندوویینەناسی لەم بوارەدا بەڕاستی سەرنجڕاکێش بوو. کە باسی ئەو دەورەیە دەکەم وا لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی بووم. ناتوانم لەبیری بکەم کە چەندە سادە دەژیا و چەندە خۆنەگر بوو.

یادی بەخێر.

## تەنیا بە هاوپشتی و یەکبوون مافەکانی گەلی کورد دەستبەر دەبێ



**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**
**خەڵکی خەباتکاری کوردستان**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکان!**

یادی ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانتان پیرۆز بێت. ئەمساڵ ٧٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستاندا تێدەپەڕێ کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد دامەزرا و پێشەوا قازی محەممەد وەک یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان سوێندی یاسایی خوارد.

کۆماری کوردستان لە دەرەنجامی بەرهەمی خەباتێکی مێژویی و پڕ لە قوربانی و بەرخودانی گەلی کورد و قۆستنەوەی بەربەرەکانی و ململانێی نێوان زلهێزەکان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا دروست بوو. لە کەشوهەوای ئەو ساڵانەدا کە جیهان تووشی شەڕێکی گەورە بوو و زۆر نەتەوە لە جیهاندا هەوڵی ئەوەیان دا لە ژێرچەپۆکیی داگیرکەران دەربچن، لە ئێرانیش کە دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی نەمابوو، نەتەوەکانی ئەو وڵاتە کەڵکیان لەو بارودۆخە وەرگرت و کەوتنە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان. گەلی کوردیش کە ساڵانێکی زۆر لەژێر ستەمی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراندا بوو لەو دەرفەتە مێژووییەدا توانی ئەزمونێکی زێرین بۆ خۆی تۆمار بکا. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، بە ئامانجی نەمانی ژێردەستەیی و بەدیهێنانی ڕزگاری و سەربەستی، لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤(٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) دامەزرانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند.

کۆماری کوردستان ئامانجەکانی لەلایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێ کرا کە بریتی بوون لە کوردستانیبوون و شوناسخوازیی کورد بە باوەڕهەبوونی بە دیموکراسی. کۆماری کوردستان ئەگەرچی تەمەنی کەم بوو و ١١ مانگ ژیا، بەڵام کارنامەیەکی درەوشاوە لە خزمەتکردنی خەڵک و سیاسەت و ڕوانگەی کۆمار بۆ دەسەڵات و داهاتووی وڵات هێندە پڕ و پڕبایەخە کە ئێستاش بە هیوای دووبارە بنیاتنانەوە و وەدیهێنانەوەی کیانێکی سیاسیی لەو چەشنە بین. ئەزموونی دەسەڵاتدارەتی و ئیداری لەو کۆمارە ساوایەدا، بۆ هەر دەسەڵاتێکی دیموکراتیک لە سەردەمی ئێستاشدا، دەتوانێ جێگای لێفێربوون بێ. ڕێزگرتن لە جیاوازیی نەتەوەیی، زمانی و ئایینی و پێکەوەژیانیان لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لە یەکتر، باوەڕ بە ئازادیی بیروڕادەربرین، گرینگیدان بە بووژاندنەوەی کولتوور و هونەر و ئەدەبییاتی نەتەوەیی، خوێندنی بەخۆڕایی، هاندانی کچان بۆ خوێندن و بە ڕەسمی ناسین و جێبەجێکردنی خوێندن بە زمانی دایک نەک هەر بۆ منداڵانی کورد بەڵکوو بۆ کەمایەتییە زمانییەکانی دیکە، برەوپێدانی گیانی ویکهەڵکردن لە نێوان دانیشتووانی شار و گوند و چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و بەهێزکردنی کولتووری پاڵوێکدان لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی، پێشوازی و باوەشکردنەوە بۆ ڕۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە و بوار ڕەخساندن بۆ خزمەتکردنیان بەو کۆمارە، گرتنەبەری ڕێگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی میلیی ئازەربایجان و ئازەرییەکان و پێشنیاری هاوکاری و هاوپەیمانەتی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ دوژمنی هاوبەش، لە ئەزموونە بەنرخەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییەن. ئەم کۆمارە بە هەڵکردن و ڕەسمییەتدان بە ئاڵای کوردستان و داهێنانی سروودی نەتەوەیی و چەمکی پێشمەرگە، کۆمەڵێک بۆشایی لە گیان و هزری نەتەوەیی و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا پڕ کردەوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە چاوی بایەخەوە لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان و ئەم واقعە گرینگە مێژوویە دەڕوانێ و پێیوایە کە پێویستە بێ لەبەرچاوگرتنی سنوورە فیکری و سیاسییەکان و بێ سەرنجدان بە جیاوازییە ئایینی، زاراوەیی و جوغرافییەکان، لە دەوری فەلسەفەی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی کۆ ببینەوە. خەڵکی کوردستان مافی ڕەوای خۆیانە کە لە سەرخاکی خۆیان و لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیک و فیدراڵدا، مافی چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست. ڕوون و ئاشکراشە کە باوەڕ بەو مافە هەموو لایەکمان ئەرکدار دەکا گیانی یەکگرتوویی و هاوپێوەندی لەنێو خۆماندا چ وەک تاکەکانی کومەڵ و چ وەک هێز و لایەنە سیاسییەکان، هەر چی زیاتر بەهێزتر بکەین.

ئەمساڵ لەکاتێکدا یادی ٢ی ڕێبەندان دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی، لە ئاستی هاوکێشە ناوچەیی و جیهانیەکان و نێوخۆی ئێرانش توشی قەیران بووەتەوە. ئەم ڕێژیمە بەهەموو تەمەنی نگریسی خۆی دوژمنی هەموو گەلانی ئێران لەوانە گەلی کورد بووە و بە سیاسەتی سەرکوت و کوشتار هەوڵی بێدەنگکردنی خەڵک و پێشێلکردنی مافەکانیانی داوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکانێکی زۆر بە هۆی سیاسەتی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامییەوە گیراون و ڕاپێچی زیندان کراون و لە هەمان کاتیشدا لە ڕاگەیەنە ڕەسمییەکانی خۆیدا بە هەموو شێوازێکی بەردەست هەوڵی داوە سوکایەتی بە هێما و ڕەمزەکانی نەتەوەکان یەک لەوان نەتەوەی کورد بکات.

ئەزمونی کۆماری کوردستان پێمان دەڵێ کە تەنیا بە هاوپشتی و یەکبوون مافەکانی گەلی کورد دەستبەر دەبێ و یەکگرتوویی تاکە ڕێگای ڕزگاربوونمانە و بە گرتنەبەری هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و دەربڕینی هەستی نەتەوەیی لەم ڕۆژەدا سیمبول و دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کۆماری کوردستان بەرز بنرخێنن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٩**

# کوردستان، مۆتەکەی سەرشانی ڕێژیمی ئیسلامی


حەسەن حاتەمی

زیاتر لە دوو حەوتوویە ڕێژیمی ئیسلامی، نیزیک بە ١٠٠ کەس لە چالاکانی فەرهەنگی، مەدەنی، ژینگەپارێزی و خوێندکاریی لە زۆر شار و شوێنەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، تاران و کەرەج قۆڵبەست کردووە.

ئەم ڕەشبگیرییە لە کاتێکدا دەستی پێ کرد کە کوردستان بەرەوپیلی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەچوو. بێگومان ئەگەر ڕێژیمی حەمەڕەزا شا (پەهلەویی دووهەم) حکوومەتە خەڵکییەکانی کۆماری کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی وەک دەرفەتێک بینیایە و وتووێژەکانی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاویی بکردایەتە هەوێنی پێکەوە ژیانێکی ئاشتیخوازانە و بەفەرمیناسینی مافی نەتەوە غەیرە فارسەکان، دەکرا لەو ئێرانەی فرەنەتەوەدا، سویسێکی ڕۆژهەلاتی ناڤینی دیکەی تێدا دامەزرێ کە مێژووی ئێستای ئێران بە بارێکی دیکەدا دەبوو.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، ڕێژیمی تازە دامەزراو ڕێگای ئیسلامیی سیاسی گرتەبەر و ڕێگای حاشا لە مافی نەتەوە غەیرە فارسەکان و هەلاواردن و نەهێشتنی ئازادی و مافەکانی مرۆڤی گرتەبەر. ویست و داخوازی و بەرگریی خەڵکی کوردستان پەلامار درا و، کوردستان کەوتەبەر سەرکوت و زەبروزەنگی ئەرتەش و پاشان سپای پاسداران، بەسیجییەکان، هێزە ئینتیزامی، ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانی دیکەی ڕێژیم. کۆماری ئیسلامی بە جێگای ئازادی، مافی نەتەوەیی، ئاسایش و خۆشگوزەرانی، دەستی کرد بە لەشکرکێشی، ڕەشبگیر، ئەشکەنجەدانی بەندکراوان، ئێعدامی بەکۆمەڵ، زیندانیی درێژماوە و دروستکردنی "غەیرەخودی" و هەلاواردنی سیستماتیک.

چل ساڵ پاش تێپەڕبوونی تەمەنی پڕ لە جینایەت و خوێنمژیی کۆماریی ئیسلامی ئێران، کوردستان لە تەواوی ئەو ساڵە پڕ لە کارەسات و ناخۆشانەدا، مەتەرێزی خۆڕاگری، مافویستی و ئازادیخوازی بووە. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی لەلایەک و کۆمەڵگەی مەدەنی، فەرهەنگی و ئەدەبی و بزووتنەوە بەربەرینەکەی لەلایەکی دیکەوە، کوردستانی کردۆتە سەرچاوەی گەورەترین پوتانسیەلی گۆڕانکاری لە ڕەهەندەکانی سکولار_ دیمۆکرات و فیدرالیزم بۆ داهاتووی ئێران. کۆماری ئیسلامییش دەستی لەسەر دەست دانەنا و بە پیلانی نەرمی تواندنەوە و سەرکوتی توند و تیژ بەرەنگاری بووە. ئەمنییەتیکردنی کۆمەڵگە، تالانوبڕۆی سەرچاوە سروشتییەکان، پاشخستن لە گەشەی ئابووری،پەرەپێدانی بەندیخانەکان، بەردەوامیی ئێعدام، بێسەروشوێنکردنەکان، پەرەپێدانی ئێعتیاد بە ماددەی هۆشبەر تەنیا بەشێک لە وەڵامی کۆماری ئیسلامی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کورد بووە کە سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەش نەیتوانیوە بە ئامانجەکانی بگا.

لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕێژیمی کۆماریی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ جینایەتێکی گەورەی ئەنجام دا و پلینۆمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی کردە ئامانجی مووشەک. لەو پەلامارەدا ١٦ تێکۆشەری کورد کە بەشێکیان لە ئەندامانی ڕێبەری بوون و شەهید بوون و دەیان کەسی دیکەش کە ژن و منداڵیشیان تێدا بوو، بریندار بوون. دوای ئەم ڕووداوە لایەنی هاودەردی، پشتیوانی و، ئیدانەکردنی لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی جیهان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش‌دا بێوێنە بوو. بەڵام ئەوەی خاڵی وەرچەرخانی خەباتی مێژوویی ئازادیخوازی نەتەوەی کوردی لەم قۆناغەدا دیاری کرد، بەڕۆژەڤ و زیندووترکردن و، بەرزڕاگرتنی خەبات و هاوخەباتی دەرەوە و نێوەوە و بوێری و ئازایەتیی مەدەنی ٢١ی خەرمانانی ٩٧ی زۆربەی خەڵک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو. ئەم حەرەکەتە مەزن و جەماوەرییە ترس و خۆف و شکۆی ڕێژیمی تووشی دارمان کرد و بوێری و ئازایەتیی زیاتری دا بە نارەزایەتییەکان.

بەرفراوانی نارەزایەتییەکانی دژی ڕێژیم لە بەفرانباری ٩٧ و خەزەڵوەری ٩٨دا بە کوشتنی تاک و بەکۆمەڵ و گرتنی هەزاران کەس بە ڕواڵەت سەرکوت کرا، بەڵام نارەزایەتییەکان کۆتاییان نەهات و لە شێوازی جۆراوجۆردا درێژەیان پەیدا کردەوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ناوە ناوە یەکێک لە توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران، کرێکاران، ژنان، مامۆستایان، خوێندکاران، پەرستاران، خانەنشینان، کەسوکاری گیانبەختکردووان، نەتەوەکان و .. هتد، سەر هەڵدەدەنەوە و ئەم کاروانە بێپسانەوە تا گەیشتن بە ئامانجی ئازادی و یەکسانی مافەکان لە ئێران‌دا درێژەی دەبێ.

ترسی ڕێژیم لە تەنینەوە و سەرتاسەری بوونی نارەزایەتییەکان، زیاتر لە هەموان، کوردستانی لە چەند لاوە کردۆتە ئامانج. لەلایەک لە دەنگوڕەنگی میللییەوە! هێرش دەکرێتە سەر کولتوور و مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و لەلایەکین دیکەوە بێڕێزی بە سیمبولەکانی ئەم نەتەوە -لەو ماوەیەدا جەلال مەلەکشا و نەمر ماملی- دەکرێ. لە دەنگ و ڕەنگی ناخەڵکی، درۆ و دەلەسەی "نرخی کەولی فڕۆکەوان" دێننە گۆڕێ. لەحاڵێکدا لە کاتی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراقدا، فڕۆکەوانی برینداری ئێرانی - یەدوڵڵا شەریفیڕاد- لە باشووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سەددام، خەباتکارانی کورد چارەسەر و لە مردن ڕزگاریان کرد کە دواتر فیلمی سینەمایی "عقابها"ی لێ دروست کرا.

ڕەشبگیرییە بەرفراوانەی ئەم دواییانە، شالاوی سووکایەتیی دەنگوڕەنگی ڕێژیم و بڵاوکردنەوەی فیلمی "توکل" و بەناو دیکیۆمێنتەکانی "لبەی دو تیغ" هەر هەموو دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە کوردستان "مۆتەکەی" سەرشانی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێرانە.

و: باوکی ژیار

# بەرجام لە پێناو مانەوەدا


ئامانج زیبایی

بە هاتنە سەر کاری کابینەی جۆ بایدێن لە کۆشکی سپی کۆمەڵە پرسیارێک لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە گشتی و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تایبەتی دروست دەبێ کە گرینگترینیان ئەوەیە سیاسەت و ستراتیژیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن دەبێ؟ ستراتیژیی ئێران چی دەبێ و داهاتووی بەرجام دەگاتە کوێ؟ دواجار ئەوە کە گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکا لەهەمبەر ئێران بۆ گرینگە؟

هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران ئەمریکایان بە دوژمنی خۆیان دانا و بەم وڵاتەیان گوت "شەیتانی گەورە" و وای نواند کە تاوانی هەموو چەوتی و کێشەکانیان لە سۆنگەی ئەمریکاوەیە و دروشمی مردن بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل‌یان بەرز کردەوە. دەزگای زەبەلاحی پروپاگاندای ڕێژیمیش بۆ خزمەت پەرەپێدانی ئەم سیاسەتە تەرخان کرا. کێشەکان سەرەتا بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانی ئەمریکا دەستی پێ کرد و بە بەرییەوە چوو، بەڵام لە چوار دەیەی ڕابردوودا ناکۆکی و کێشەکان بەقەرا ئەم ٤ ساڵەی ئیدارەی ترامپ نەگەیشتنە لوتکە و تەنانەت لە دوو حەوتووی کۆتایی دەسەڵاتی ترامپ‌دا ئەگەری پێکدادانی سەربازییش چاوەڕوان دەکرا.



لە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام و سەپاندنی گەمارۆی قورس بە سەر ئێران‌دا کە بە دیاریکراوی ژێرخانی ئابووریی ئێرانی کردبووە ئامانج، سزا و گوشارەکان کاریگەریی کردە سەر جموجۆڵی میلیشیا و ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕێژیم، ئەم گەمارۆیانە ئەگەرچی ڕێژیمی ئێرانی تووشی کۆمەڵە قەیرانێکی دارایی کرد، بەڵام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە زۆرترین قورسایی سزاکان لەسەر حسێبی خەڵک بشکێتەوە بۆ ئەوەی خەڵک ئەمریکا بە تاوانباری ئەم دۆخە بزانن.

کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئەمریکای بە دەرفەتێک بۆ ئەگەری ڕزگاربوون لەو دۆخە دەزانی و بە هیوا و ئومێدێکی زۆرەوە کیسەیان بۆ بردنەوەی جۆ بایدێن هەڵدوریبوو. بەڵام مایک پێنس لە کۆشکی سپی و لە کاتی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و لە حاڵێکدا کە لە بڕی ترامپ بەشداریی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی بایدێن ببوو، بەڕێوەبەرانی نوێی کۆشکی سپیی ڕاسپارد کە لە پێوەندی لەگەڵ ئێران‌دا پێویستە بە هەمان ڕێچکەدا بڕۆن. ئەو گوتی بێتوو ئەمە نەکەن کۆماری ئیسلامی هەوسار دەپسێنێ و دەبێتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر خەڵک و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

هەتا ئێستا کە بەشێک لە وەزیرەکانی بایدێن دەنگی متمانەیان لە کۆنگرە و سێنای ئەم وڵاتە وەرگرتووە، بە سەرەنجدان بە تیمی بایدێن کە تیمێکی لێزان و کارزان لە بواری دانوستان و دیپلۆماسی‌دان، وێدەچێ کە ئەمریکای نوێ لەپێناو بەهێزبوونی زیاتردا و بۆ ئاوڕدانەوە و گرینگی‌پێدان بە هاوبەشە سیاسییەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا؛ جارێکی‌تر بە بایەخەوە بڕوانێتە هاوپەیمانەکانیان و دیسانەکەش ئەمریکا ڕۆڵی پۆلیس لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست‌دا بگرێتە ئەستۆ.

بێگومان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ئەمریکا و بە سەرنجدان بە جیاوازیی ڕوانینەکان و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات و بەرەوپێش‌بردنی ستراتیژیی ئەمریکا گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەم وڵاتەدا ڕوو دەدا؛ بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە ئامانجی هەموو کاربەدەستان و سەرۆککۆمارەکانی ئەمریکا بە درێژایی مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕێژیمە بووە و جیاوازییەکان تەنیا لەسەر مێتۆدەکانی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران بووە، نەک ئامانجە سەرەکییەکە.

لە ئێستادا کە گەڕانەوە بۆ بەرجام ڕۆژەڤی باس و لێکدانەوەکانە، ئاماژە بە چەند خاڵ گرینگە:

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەمیشە هەڕەشە و گوڕەشە چاشنیی سیاسەتکردنی بووە، بەپێی پەسندکراوی پارلمانی ئەم وڵاتە ئۆلتیماتۆمیان بە بایدەن داوە کە بێتوو هەتا ٣ی ڕەشەمە هەر هەموو گەمارۆکانی سەر ئێران لانەچن -کە ئەمە مەحاڵە و کردەنی نییە- ئێران لە پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی دەچێتە دەرێ و هەموو پشکنێرەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی ئەتومی لە وڵاتەکەی وەدەر دەنێ. بەڵام ئەمریکا بابەتی ئێرانی لە بەرنامەی کاریی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی‌دا دانەناوە. ئەوەی لە ئێستادا ئیدارەی بایدەن پتر بایەخی پێ دەدا، پرسی پەتای کۆرۆنا و ئاسەوارە زیانبارەکانی لەم وڵاتە و هەروەها کێشەکانی ئەمریکا لەگەڵ چین و ڕووسیەیە. دوایەش ئەگەر بڕیاری گەڕانەوە بۆ وتووێژ و دانوستان لەگەڵ ئێران درابێ، یەکەم ئەوەی کە گەمارۆکان لەسەر ئێران سووک ناکرێن و نێوەرۆکی دانوستانەکەش کۆمەڵە بابەتێکی دیکەش دەگرێتە خۆ کە سازان و ڕێککەوتن لەسەریان هەم کاتێکی زۆر دەبا و هەم تێچووی زۆر قورس دەخاتە سەر کۆماری ئیسلامی.

کارناسان و چاودێرانی سیاسی کۆکن لەسەر ئەوەی ڕێککەوتنی ئەمجارە -ئەگە لە ئارادا بێ- زۆر جیاواز دەبێ لە بەرجام، چونکی گۆڕانکارییەکانی چوار ساڵی ڕابردوو هەم لە ئێران و هەم میراتی ترامپ بۆ بایدەن وایکردووە نە ئێران ستاتۆی ئێرانی پێش بەرجام (٢٠١٥)ی هەبێ و نە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕوانگەی ئەوکاتیان هەبن.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماریی ئێرانیش -بەهاری ١٤٠٠- شوێنی ڕاستەوخۆی لەو هاوکێشەیەدا هەیە. ئەوەی ڕوونە ئەمەیە کە بایدەن نایهەوێ لەگەڵ دەوڵەتی ڕوحانی بکەوێتە دانوستانەوە، دەوڵەتی داهاتووش کە لە ئێستاوە ڕوونە لە پاوانی باڵی تەواویەتخوازی ڕێژیمدایە و نەبوونی متمانەی نێوان دوولایەنیش هێندەی دیکە چەتی خستۆتە نێو ئەم کارەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران جێی هیچ شک و گومانێکی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە کە ڕێژیمێکی سەرەڕۆیە و پێبەندی هیچ بەڵێن و دەروەستییەک نییە. ئەو زۆر بە ئاسانی ڕێککەوتنەکان پێشێل دەکا و بەبەرچاوی دنیاوە گرووپ و ڕێکخراوە تێرۆریستیەکان دالدە دەدا، دەست لە کاروباری وڵاتانی دراوسێی وەردەدا، سەقامگیری و ئارامیی ناوچە دەخاتە مەترسییەوە، پەرە بە بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی دەدا و بۆ سەرخستنی بەرنامە ستراتیژییەکانیشی خەڵکی ئێرانی بە بارمتە گرتووە. بۆیەشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێستادا پتر لەسەر ئەو بابەتە هەستیارە و دەیەوێ پێشی پێ بگرێ، ئەگەرچی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێستاش گوێ لە هەنبانەی خۆیان دەژمێرن.

محەممەد جەواد زەریف لە دوایین سەردانی خۆی بۆ ئانکارا ڕایگەیاند کە ئێمە لە سەر ئەوە ڕێککەوتووین کە چی لە بەرجامدا دەبێ ببێ و چی لە بەرجامدا ناگونجێنین. دیارە مەبەستی وەزیری دەرەوەی ئێران بەرنامە مووشەکییەکانی ڕێژیمەکەیەتی کە بە تەنیا بەخاڵی بەهێزی خۆیانی دەزانن بۆ مانەوەیان لە سەر دەسەڵات و نایانەوێ و ناتوانن بە هیچ شێوەیەک دەستی لێ بەردەن؛ بە تایبەتی ئەگەر سەرۆککۆماری داهاتووی ئێران "سەردار"ێکی سپای پاسداران بێ.

دۆخی نێوخۆی ئێران و مافەکانی خەڵکی ئەم وڵاتەش کارتێکی دیکەیە بە دەستی وڵاتانی (١+٥). کۆمەڵگەی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا قەیرانی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە و پێ بە پێی سەرکوتی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان، بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵک و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتیش پەرەی سەندووە و ئەمەش شتێک نییە ئەمریکا و هاوبەشە سیاسییەکانی نەیبینن و لە تەنیشتی تێپەڕن.

ڕێککەوتنی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیی کەنداویش بەرگژەیەکی دیکەی بەردەم ئەم پرسەیە. لەمێژ ساڵە ئەمریکا بە هۆکاری جۆراوجۆر پاراستنی ئیسرائیل لە مەترسییەکان بە ئەرکی خۆی دەزانێ و هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر باڵی سەربازیی ئێران لە سووریە و کوشتنی شارەزایانی ئەتومی و مووشەکیی ئێران لە لایەن ڕایەڵەکانی سەر بە مووسادیش دەکرێ حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراوی لێ بکەوێتەوە؛ بە تایبەتی کە ئێستا ژێردەریاییەکی ناوکیی ئەم وڵاتە لە نێزیک ئاوەکانی ئێرانە و ئەمەش ئاستی ناکۆکییەکان و کاردانەوەکان دەباتە ئاستی پێکدادان. ئەمریکاش بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پشتیوانی بێ ئەملاوئەولای ئیسرائیلە لە حەوتووی یەکەمی دەسبەکاربوونی ستاڤی نوێی کۆشکی سپی‌دا فڕۆکەکانی B52 ی خۆی بە سەر ئاسمانی ئیسرائیل‌دا هەڵفراند و وەزیری بەرگریی ئیسرائیلیش بە تەلەفۆن لەگەڵ لوئید ئاستین، وەزیری نوێی بەرگریی ئەمریکا کە جوولەکەیە؛ باسی لە مەترسیەکانی ئێران کردووە و ئەوی لە ئەگەری پێشهاتەکان ئاگادار کردووە.

ئەوەی ئێستا بۆ ئێران گرینگە بابەتی گەمارۆ قورسەکانە کە بەپێی هەموو ئەو شتانەی باس کران و بە سەرنجدان بە ڕووداوەکانی پێش ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە کۆشکی سپی زۆر زەحمەتە ئەم گوشارانە لەسەر ئێران سووک بکرێن. بایدەن ئەگەر بیشیهەوێ ئەو کارە بکا کۆسپی قانوونیی لەبەردەمە و بە سەرنجدان بە ڕێژەی یەکسانی نوێنەرانی دیموکرات و کۆماریخواز لە مەجلیسی نوێنەران، ئەم بڕیارە تەنیا بە دەنگی کامیلا هەریس یەکلا دەبێتەوە. بۆ تێپەڕاندنی داواکاری و بڕیارێکی کۆشکی سپییش دەبێ پەیڕەوی لە بڕگەی فلیواستێر بکەن. بەو مانایە کە بۆ تێپەڕاندنی یاسای داواکارییەکان دەبێ ١٠ ئەندامی کۆماریخوازەکان لەگەڵ دیموکراتەکان بکەون. بۆیە لەلایەک هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان کێشەی یاساییان بۆ دێتە پێش و لەلایەکی دیکەش کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خۆیشی بە نەچوونە نێو FATFـوە گرفتی گەورەی بۆ مامەڵەی بانکی دروست کردووە. کەواتە زەرەرمەندی سەرەکی هەر کۆماری ئیسلامیی ئێرانە چ بە بەرجام و چ بەبێ بەرجام. هەتا ئەوکاتەش کە بەرپرسانی ئەم وڵاتە ستراتیژیی خۆیان نەگۆڕن لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەرەوڕووی گەمارۆی پتر و تەریککەوتنەوەی زیاتر دەبن.

# پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە دووڕێیانی چارەنووس‌دا



ڕەزا محەممەئەمینی

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو و بەتایبەت پاش هەڵبژێرانی جو بایدێن بە سەرۆک‌کۆماری ئەمریکا، پرسی داهاتووی پێوەندییەکانی نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەمریکا یەکێک لەو پرسانە بووە کە زۆرترین کەس و لایەنی بە خۆیەوە خەریک کردووە. شک لەوەدا نییە چەندی‌وچۆنیی پێوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە دژ و ناتەبایە لەگەڵ یەکتر و، ئەوەیکە کێشەکانیان بە کام ئاقاردا دەڕۆن، هەم بۆ ئارامی و ئاسایشی وڵاتانی ناوچە و هەم بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران گەلێک گرینگە. بەتایبەت کە لەلایەک دێموکراتەکانی ئەمریکا وەک ئەولایەنەی کاتی خۆی ڕێککەوتنی ناوکیی "بەرجام"ی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مۆر کرد، جڵەوی دەسەڵات لەم وڵاتەیان لانی‌کەم بۆ چوارساڵی داهاتوو بەدەستەوە گرتووە و، لەلایەکی دیکەش لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، جۆزەردانی داهاتوو هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری بەڕێوە دەچێ. هەڵبژاردنێک کە هەر لە ئێستاوە سپای پاسداران و باڵی دەستڕۆیشتووی ڕێژیم بەتەمان لە پاوانی خۆیانی بگرن و یەکێک لە بەناو سەردارەکانی سپای بۆ بەربژێر بکەن.

ئەو ڕاستییانە دەری دەخەن کە چەند مانگی داهاتوو زیاتر لە چەند ساڵ پێش ئێستا دەتوانن بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەک و بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەلایەکی دیکە چارەنووس‌ساز بن. بەواتایەکی دی هەرچەند ئیدارەی نوێی ئەمریکا وا نیشان دەدا خوازیاری گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی بەرجامە، بەڵام شک لەوەدا نییە کە ئەگەر هاتنەوە و ڕێککەوتنێکی دی لە ئارادا بێ، ئەم سازانە لەسەر بنەمایەکی نوێ دەبێ کە لەودا، کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی بە تەواوی هەوسار دەکرێ.

بێ‌گومان خامنەیی و ڕووحانی و بەگشتی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتیی خۆی‌دا زۆر کەیف‌خۆش بوون کە دۆناڵد ترامپ بۆ جاری دووهەم بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا دەنگی نەهێنایەوە. ترامپ لە چوار ساڵی ڕابردوودا لە ڕێککەوتنی بەرجام هاتەدەرێ و گوشارێکی لەڕادەبەدەری خستە سەر کەرتی وزە و هەنارده و هاوردەکانی کۆماری ئیسلامی و، ڕێژیمی تووشی وەها قەیرانگەلێک کرد کە تەنانەت لە شەڕی ئێران و عێراقیش‌دا تووشی نەببوو. ئابووریی ئێران لەو ماوەیەدا دارما، نرخی پێداویستییەکان بەشێوەی "تەساعودی" هەڵکشا کە باجەکەی کۆمەڵانی هەژار و بێ‌دەرەتانی خەڵکی ئێران دایان و بایی دراوی ئێران لە چاو دۆلار و دراوە بیانییەکان زۆر بە خێرایی داشکا. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ترامپ و کاربەدەستانی ئەمریکا لەگەڵ ئەو زەبر و گوشارە گورچکبڕە بەنیاز بوون کۆماری ئیسلامیی بگەڕێننەوە سەر مێزی وتووێژ و مەرجەکانی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا سەرەڕای ئەو گوشارە تاقەت‌پڕووکێنانە ئامادە نەبوون دانوستانێکیان لەگەڵ ئیدارەی ترامپ هەبێ و چاوەڕوانی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری ئەمریکا بوون.

ئێستا پاش گۆڕانکارییەکان لە کۆشکی سپی و پاش ئەو ماوەیەی کە لە دەسپێکی سەرۆکایەتیی جۆ بایدێن تێدەپەڕێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها زۆر لە کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەمریکای جو بایدێن، ئەمریکای سەردەمی باراک ئۆباما، سەرۆک‌کۆماری پێشووتری ئەو وڵاتە و دێموکراتەکان نییە و مەرجەکان بۆ دانوستان گۆڕاون. لەو چەند ڕۆژەدا هەم بایدێن و هەم بلینکێن، وەزیری نوێی دەرەوەی ئەمریکا گوتوویانە کە ئامادەن بۆ بەرجام بگەڕێنەوە، بەڵام بەو مەرجەی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەتا هەموو پێشێلکارییەکانی خۆی لە ڕێککەوتنەکە، بۆ نموونە پیتاندنی ئۆرانیۆم ڕابگرێ و پێملی دەروەستییەکانی بێ و؛ لەلایەکی دیکەش بەتەمای ڕێککەوتنێکن کە بەرفرەوانتر لە بەرجام بێ و بەدەر لە کێشەی ئەتۆمی، پرسی مووشەکی و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش لەخۆی بگرێ. ئەوە دەربڕی ئەو ڕاستییەیە ئەمریکا نەک هەر بەتاڵووکە نییە بۆ گەڕانەوە بۆ بەرجام و کاتی زۆری لەبەردەستە، بەڵکوو نیشان دەدا بەپێچەوانەی حەسەن ڕوحانی کە ماوەیەک لەمەوپێش گوتبووی "تۆپەکە لە زەویی ئەمریکادایە"، تۆپەکە لەڕاستیدا لە دەروازەی دەوڵەتی "ئیعتدال و ئومێد"ی ڕوحانی‌دایە و "گۆڵ"ەکەش کراوە. چونکە ڕوحانی و دەوڵەتەکەی چەند مانگی دیکە دەبێ بڕۆن و دەوڵەتێکی دی دێتە سەر کار کە هەروەک پێشتر گوترا باڵی دەسڕۆیشتووی ڕێژیم بەنیازە پاوانی بکا.

ئەوەی تا ئێستا دیارە ئەمەیە کە ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لەسەر هەڵوێستەکانیان سوورن، ئەمریکا دەڵێ کۆماری ئیسلامی دەبێ بگەڕێتەوە بۆ بەندومەرجەکانی بەرجام و واز لە زێدەڕۆییەکان و پێشێلکارییەکانی ئەو ڕێککەوتنە بێنێ؛ ئەوکات ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە ئورووپا دەگەڕێینەوە بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ و بەرفراوان. کۆماری ئیسلامییش بەپێچەوانەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەڵێ ئەوە ئەمریکایە لە بەرجام هاتووەتە دەرێ و سەرەتا بێ‌مەرج دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنە، پاشان ئێمەش واز لە پیتاندنی ئۆرانیۆم و وەگەڕخستنەوەی سانتریفیۆژەکان دێنین. هەروەها سپای پاسداران و ڕێبەرانی ڕێژیم هەرچەشنە وتووێژێک لەسەر بەرنامە مووشەکییەکانیان ڕەت کردووەتەوە.

و سپای پاسداران درێژە بە سەرکێشییەکانی خۆیان دەدەن و نوسخەی کورەی باکوور بۆ ئێران دەنووسنەوە و لەوە زیاتر ئێران بەرەو هەژاری و تەریک‌خستنەوەی نێونەتەوەیی دەبەن. دیارە لەو حاڵەتەش‌دا شەپۆلی نارەزایەتیی گەلانی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بەرز دەبێتەوە و کۆماری ئیسلامی دەبێ تێچووی ئەو سیاسەتەی بداتەوە، چونکە مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئێران نیشانی داوە کە ئامادە نین بە هەموو نرخێک دەستەمۆی دەسەڵاتداران بن و؛ هەر ئێستاش خەبات و بەربەرەکانی بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئارا دایە و ڕۆژ نییە نارەزایەتییەکان لە شوێنێکی وڵات سەر هەڵنەدەن. هەربۆیەش ئەگەر خامنەیی و سپای پاسداران بەتەمان لەدوای بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماری لە جۆزەردان و دانانی فەرماندەیەکی سپای پاسداران وەک سەرۆک‌کۆمار، نوسخەی کورەی باکوور دابەزێنن، ئەوە دەبێ وەک ڕاپەڕینەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ بەرەوڕووی شەپۆلی نارەزایەتییە بەربەرینەکانی خەڵک ببنەوە.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی وەک کارناسانی ئاژانسی وزەی ناوکی و هەروەها ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژاوایی باسی دەکەن، زۆری نەماوە دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگا و ئەوەش



بۆچوونێک کە جگە لە چین و ڕووسەکان لەلایەن ئەمریکا و سێ ئەندامی دیکەی بەرجام، بریتانیا، فەرانسە و ئاڵمان ڕەت‌کراوەتەوە. ئەمریکا پشت‌ئەستوورە بە هەڵوێستی سێ هاوپەیمانەکەی لە ئورووپا و دەزانێ ئەوجارە ئەگەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مۆر بکرێ، وەک بەرجام نابێ کە مەجالی هەڵخڕاندن و خۆدزینەوە و زێدەڕۆیی تێدابێ، بەڵکوو ڕێککەوتنێک دەبێ کە هەموو کەلێن و کەلەبەرەکان دەگرێ و بەڕاستی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و نابەرپرسە کۆت‌وبەند دەکا. هەر لەو چەند ڕۆژەدا ئیمانۆئێل مەکرۆن، سەرۆک‌کۆماری فەرانسە هەڵوێستێکی توندی نواند و وێڕای ئەوەی ڕایگەیاند کە دەرفەتێکی کەم بۆ پێشگرتن لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی ماوە، گوتی: وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەپێوەندی لەگەڵ بەرجام زۆر سەخت‌گیرانە دەبێ و لە دانیشتنەکان‌دا دەبێ وڵاتانی عەرەبی وەک عەربستان بەشدار بن. دیارە پێشتر عەرەبستان و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی داوایان کردبوو کە نوێنەریان لە دانیشتنەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەبێ، داوایەک کە هەر زوو لەگەڵ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران پێویستی بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئامریکایە و شک لەوەدا نییە ناتوانێ لەوە زیاتر لەبەر گەمارۆ ئابوورییەکانی میراتی ترامپ کە "گوشاری لەڕادەبەدەر"ەوە بۆ "گوشاری هۆشمەند" گۆڕاوە، خۆ ڕابگرێ. ئابووریی ئێران بە هەنارده و فرۆشی نەوتەوە بەستراوەتەوە و هەتا ئەو گەمارۆیانەی لەسەر بێ ناتوانێ بە ڕێژەی پێویست نەوت بفرۆشێ و داهاتی پێویستی بۆ ئیدارەی وڵات و پرۆژەکانی هەبن. ئەوەش لەلایەک دەبێتە هۆی دارمانی لەوە زیاتری ئابووریی وڵات و لەلایەکی دیکەش پەرە بە نارەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و وەزاڵەهاتووی ئێران دەدا. هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامی تووشی دووڕێیانێک بووە کە دەبێ یەکیان هەڵبژێرێ، یان بچێتە نێو دانوستانێک کە ئەمجارە زۆر بەرفراوانتر دەبێ لە بەرجام و ڕەنگە ئەگەر ئاخوندەکان لە دەسەڵات‌دا بمێنن، چەند ساڵ بخایەنێ و ئاکامەکەشی پاشەکشەی هەنگاو بە هەنگاوی ڕێژیم دەبێ لە بەرانبەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی؛ یان دەنا خامنەیی

بە دەرەجەی یەکەم لەلایەن ئیسرائیل کە هەمیشە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە چوار دەیەی ڕابردوودا هەڕەشەی نەمانی لەسەر بووە جێی قەبووڵکردن نییە؛ هەروەها وڵاتانی عەرەبیی ناوچەش گوشار دەخەنە سەر ئەمریکا و ناتوانن لەئاست ئێرانێک کە ڕێژیمێکی دوژمنکار دەستی بەسەردا گرتووە بێ‌هەڵوێست بن.

بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامی تەنانەت ملکەچی تەواوی مەرجەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە مۆرکردنی ڕێککەوتنێکی نوێ بێ، بەم حاڵەش لەلایەک ناتوانێ ئەوجۆرەی پێویستە دەستی بە بازارەکانی فرۆشی نەوت ڕابگا و بە هاسانی داهاتی خوی بەرز بکاتەوە و لەلایەکی دیکەش زۆربەی وڵاتانی جیهان بە چین و ڕووسیەشەوە ناتوانن مامەڵەی بانکییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبێ، چونکە ڕێژیم لە لیستی ڕەشی FATF دایە و هەتا دوو پەسندکراوی ئەو کۆنوانسییۆنە نێونەتەوەییە (پالێرمۆ-بەربەرەکانی لەگەڵ تاوانە نێونەتەوەییەکان و CFT پشتیوانی ماڵی لە تێرۆریزم) پەسند نەکا ناتوانێ بەشێوەی ئاشکرا و یاسایی داهاتە نەوتییەکانی بگەڕێنێتەوە ئێران.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا دەسەڵاتدارانی ئێران بەتەمان وەک چوار دەیەی ڕابردوو سیاسەت بکەن و بەردەوام بن لەوەی گوتوویانە و کردوویانە، یان ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە سیاسەت و کردەوەکانیان پێکدێنن؟ ئەزموونی ڕابردوو نیشانی داوە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی لەدەسەڵات‌دا دەست بۆ هەموو ئامرازەکان دەبا و، لەژێر گوشاردا ناچار بە پاشەکشە لە سیاسەت و کردەوەکانیشی دەبێ، بەڵام ڕێی تێناچێ ئەگەری ئەو ملکەچبوونە لە ئاست ئیرادەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لانی‌کەم هەتا جۆزەردانی داهاتوو و هەڵبژاردنەکانی بەناو سەرۆک‌کۆماریی ئێران بەهێز بێ. ڕووداوە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کۆماری ئیسلامی یەکێک لە ئەکتەرە خراپەکانییەتی، زۆر چاوەڕوانی بڕیارەکانی تاران ناکا و بە دڵنیاییەوە ساڵی ٢٠٢١ ساڵێکی سەخت و چارەنوس‌ساز بۆ بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی ئێران و داهاتووی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دەبێ.

---

## دارسمە

دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# خەتای خۆتان بوو درۆم کرد

**ڕووحوڵڵا دەڵێ خەتای خۆتان بوو چل ساڵ لەمەوبەر درۆم کرد**

خەونم دیت خەون! زۆر جار بیستبووم خەڵک خەون دەبنین و خۆشم هێندێک جار خەونم دیوە. خەونی خۆش و ناخۆشیشم دیتووە. مۆتەکە هاتووەتە خەوم و قاچەکانم لەنێو قوڕێکی توندا گیر بوون و خومەینی تەورداس بەدەست ڕێم کەوتووە. نزیک بووەتەوە و هەستم کردووە ویستوویەتی بمخوا. هەندێک جاریش خەونی خۆشم دیتووە. بەڵام هەر خەونە ناخۆشەکانم باش لەبیر ماون. خەون لە زەینمدا پچڕ پچڕ بووە و جاری وابووە هەر بۆ بەیانییەکەی یان دوای خەوەکە بۆ هەمیشە لەبیرم چوونەتەوە. بەڵام ئەو خەونە ناخۆشەی نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر دیتوومە ئێستاش لەبیرم ناچێتەوە و ڕۆژانە بە زەقەزەقی چاوان لێم دەبێتەوە مۆتەکەی ڕاستەقینە و بەگژمدا دێتەوە. زۆر شەوان لەترسی هاتنەوەی خەوم دەزڕێ.

داروبەرد کڕ بێت، وەک فارسان دەڵێن "دیوار مووش دارەد و مووشە حیزەش گووش دارەد" (ببوورن چوونکە فارسییەکەم کەمولکێک خاو بووەتەوە هەر بە ڕێنووسی کوردی نووسیم) خەونێکی خۆشم دیتووە و پێموابێ بەم زووانە لەبیریشم ناچێتەوە. ئەوندە خەونی ناخۆش و مەترسیدار و مۆتەکاویم دیتووە، پێم‌خۆشە سواری پشتی وانێت‌بارێک بم و بڵێندگۆیەکی گەورە بە دەممەوە بگرم و ئەم خەونە خۆشە بۆ دانیشتووانی هەموو کووچە و کۆڵان و گەڕەک و کەلێن و قوژبنێکی ئەم شار و گوندانە بگێڕمەوە. پێم‌خۆشە خەڵک چۆن گوێ بۆ چەرچی و دێوەرە و دەستفرۆشان شل دەکەن، ئەوا گوێم بۆ شل بکەن و دوای ماوەیەکی کورت هەموو کەس خەونەکەمیان لەبەر بێت.

ئێستا بە مەرجێک خەونەکە بۆ تۆی خوێنەر دەگێڕمەوە، بۆ کەسی نەگێڕییەوە و ئەگەر خەڵکت لا بێت، کاتی خوێندنەوەی دەنگ هەڵنەهێنی و ئەوانەی دەوروبەرت نەزانن خەریکی خەونێکی خۆش دەخوێنییەوە. دەبێ بەڵێنیم پێ بدەی هەتا ئەو کاتەی هەموو کەسانی دەوروبەرت سەریان بەسەر موبایلەکانیان‌دا شۆڕ کردووەتەوە و خەریکی سناپ چات و شەڕە مەسێج و ئینستاگرام و شتی وان، نابێ بە بێدەنگیش ئەم خەونە بخوێنیەوە.

ئێستا وا باوە هەر خەونی قورس و ناخۆش و ترسێنەر بە دەنگی بەرز بخوێننەوە. ئەگەر کچ بی و خەونت بە کوڕێکی جوانەوە دیتبێ، یان کوڕ بی و خەونی خۆشت بە کیژۆڵەیەکەوە دیتبێ و بۆ خەڵکی بگێڕیەوە ئەوەندە حەیایەی هەتە بەبای‌دا دەکەن. چونکە لە گێڕانەوەی خەونە خۆشەکە دەترسم، پێم‌خۆشە جاری هەر وردە خەونان بگێڕمەوە. ڕاستە حەزم لێیە هەموو خەڵک ئەم خەونەم ببیستن، بەڵام مۆتەکەکە زیاتر لە چل ساڵە چاوترسێنم دەکا.

ڕێک سێ ڕۆژ بەر لە دەچوونی ئەم ڕۆژنامەیە ئەم خەونە خۆشەم دیتووە. لەو خەونەمدا ١٢ی ڕێبەندان بوو. لەنێو پۆلە دارستانێکی بۆگەن دانیشتبووم. لەناکاو لە سیلەی دارستانەوە پیاوێکی نێوچاوان پاکی جوان و لێو بەپێکەنینم لێ پەیدا بوو. ددانەکانی دەتگوت مروارین. بە سەرسوڕماوی سەیرم کرد. پێکەنی. گوتی ئەوە نامناسیەوە؟ من هەر بێدەنگ چاوم لێ دەکرد. هەرچەند بیرم لێ دەکردەوە پێم‌شک نەدەهات لە هیچ شوێنێک دیتبێتم. کەمێک چاوی لێ کردم و گوتی، هەر بەڕاست نامناسییەوە؟ گوتم ئەوەندەی مێشکم ڕێک‌دەگوشم نایەتەوە بیرم تۆم دیتبێ. نەرمە بزەیەکی هاتێ و برۆی لێ هەڵتەکاندم و بە برۆهەڵتەکاندنەکەی گنجی نێوچەوانی دەرکەوت و مچوڕکێکی ناخۆش بە لەشم‌دا هات. پێش ئەوەی بڵێم ڕەنگە چل ساڵێک لەمەوبەر ئەم نێوچەوانەم دیتبێ، هەودای خەیاڵمی پچڕی و گوتی، هەر بەڕاست نامناسییەوە؟ من ڕوحوڵلام. مێشکی خۆت زۆر ڕێک مەگوشە، ئەوە سێ ساڵە لێرە ڕۆیشتووم. لەو ماوەیەدا هەر خەریکی ڕیش و سمێڵم بووم و ڕۆژانە دووجار دەمتاشین. دەچوومە لای پزیشکانی جوانکاری و خەریکی دەم و لووتم دەبووم و دەمەویست ئەگەر هاتمەوە نەمناسنەوە. ئەوکات ئەوەندە درۆم کردبوو، ئێستا حەزم لێیە ڕاستییەکان بڵێم.

لەم خەونەدا ڕووحوڵلا دەیگوت: ئەوکات گوتم ئاو و کارەبا و سواربوونی پاس بۆ خەڵک دەکەمە بەلاش و بێ‌پارە و تەنانەت پارەی فرۆشتنی نەوتیشتان بەسەردا دابەش دەکەم. پاش سێ ساڵ بیرم لەوە کردووەتەوە درۆکەی چل ساڵ لەمەوبەر ڕاست بکەمەوە.

لەو خەونەدا وەخت‌بوو خەنی بم. لە بەر ڕووحوڵلا پاڕامەوە زوو ڕاستییەکانم پێ بڵێ. دیسان نێوچەوانی تێکنا و بەسەر من‌دا گوڕاندی و گوتی: میراتگرانی من دەڕۆن. ئەوەندە نەوتەی خولەی ئەحمەدی نژاد هێنایە سەر سفرەی ئێوە و ماڵ و ژیانی لێ نەوتاوی کردن ئەویش نامێنێ. سواربوونی ئۆتوبووس چەند ئەوەندەی ئێستا گران دەبێ و ئاو و کارەباتان دەبڕێ.

ڕووحوڵلا گوتی: خۆ چل و دوو ساڵ لەمەوبەریش هەموو ئەمانەم دەزانی، بەڵام ئەگەر ئەوکات گوتبام دەتانگوت درۆزنە.

ئێستا سەرم لەوەیان سووڕماوە بۆچی ئەم خەونەم پێ خۆشە.



# کۆماری ئیسلامی شەکەتی ئاسنی ساردکوتان

شەڕی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە مافخوازەکەی، ڕیشەی لە ئەقڵیەتی تەواویەتیخوازی و ماهییەتی ئیدئۆلۆژیک و سیاسەتی دژیگەلییانەی ئەم ڕێژیمەدایە. تێڕوانینی سیاسیی زاڵ لە تاران -بەتایبەت لە مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتەدا- لەسەر بنەمای نەک پێکەوە ژیانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەم چوارچێوە جوغرافیاییە، بەڵکوو لە سەر ئەساسی خۆسەپاندن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی جیاوازییەکان و، بە گشتی دژایەتی لە گەڵ "ئەوانیتر" بنیات نراوە. تەواویەتیخوازی و بێبەشکردنی ئەوانیتر لە "بەشداربوون" لە هەموو ئەو ماف و ویستانەی کە دەیانکەوێ و دەبێ خاوەنی بن، تایبەتمەندیی جەوهەری و ماهەویی ڕەوتی شکڵگرتنی دیاردەی دەوڵەت – نەتەوەی ئێرانییە. لە هەردوو نیزامی پاشایەتی و مەزهەبیدا ئەم تێڕوانینە نە تەنیا لەسەر ئاستی فکر و تێڕوانین، بەڵکوو بە کردەوە و زۆریش بە قووڵی و بەربڵاوی جێبەجێ کراوە کە لەم پێوەندییەدا هەڵوێستی "تاران" بەرانبەر بە پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە (نەتەوەکان) مێژوویەکی پڕاوپڕ لە حاشالێکردن، سەرکوت و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی لە پشتە.

ئەگەر لە ڕێژیمی پێشوودا "تەواویەتخوازی" زیاتر لە چوارچێوەی مەفهوومی "نەتەوەی باڵادەست" و بە ژێرکۆ نیشاندانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە لە ژێر نەتەوەیەکی وەهمی بە ناوی "نەتەوەی ئێران"دا دەبیندرا، دوای شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی و خۆسەپاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، مەزهەب وەک ئیدئۆلۆژی، بەرگێکی ڕەش و مەترسیدارتری بەسەر تێفکرینی سیاسیی تاراندا کرد. ئەمجارەیان ئەقڵیەتی "تەواویەتخوازی" لەژێر ناوی "پاراستنی تەواویەتیی خاکی ئێران و "فەرمانی جیهاد"دا ڕوویەکی دیکەی لە خۆ پیشان دا و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە لایەک بە تاوانی جیاییخوازی و لە مەترسیخستنی "تەواویەتی خاکی ئێران" و، لە لایەکی دیکەوە بە تاوانی جیاوازیی مەزهەب و "کافر" بوونیان، "فەرمانی جیهاد"یان بە دژ دەرکرا.

***

شەڕی میدیایی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی و گرتنی بە دەیان کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە شار و ناوچەکانی کوردستان لە لایەن دەزگای سەرکوتەوە، بەشێک لەو دژایەتی و دوژمنکارییانەیە کە ئەم ڕێژیمە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی پێ داوە. لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوو ڕێژیم بە هەموو ئەو کەرەسە نەرم و سەختانەی لە بەر دەستیدایە و زیاتر لە چل ساڵە دژایەتیی میللەتی کوردی پێ دەکا، هێرشێکی تازە بۆ سەر خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی مافخوازانەی دەست پێ کردووە؛ لە چەند بەرنامەیەکی تەلەویزیۆنیدا وێڕای بێڕێزیکردن بە جلوبەرگی کوردی وەک بەشێک لە کولتوور و شوناسی خەڵکی کوردستان، هەوڵ درا وێنایەکی ناشیرین لە ئینسانی کورد و خەباتکارانی نیشان بدرێ. بەمەشەوە نەوەستان و بە بڵاوکردنەوەی چەند بەرنامەیەکی دیکەی پڕ لە درۆ و چەواشەکاری و بە هێرشکردنە سەر ڕێبەرانی سیاسیی کورد، بەتایبەت ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە وەک بەشێک لە هێما و سیمبولە نەتەوایەتییەکان و ڕیزکردنی کۆمەڵێک بوختان و ئیدیعای بێبنەما، بۆ جارێکی دیکە هێرش کرایە سەر بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان. لە لایەکی دیکەوە و هاوکات لە گەڵ ئەم شەپۆلە لە هێرشی میدیایی بۆ سەر حیزبەکان، هەر لە ماوەی ئەم مانگەدا نزیک بە سەد کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون کە تا ئێستا شوێنی بەندکران و چارەنووسی زۆربەیان ناڕوونە.

بە وردبوونەوە لە کاتی ئەم هێرشە نوێیەی ڕێژیم بۆ سەر چالاکانی نێوخۆی وڵات و حیزبەکان و نێوەرۆکی ئەم بەرنامانەی لە میدیاکانی ڕێژیمدا دژ بە بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان بڵاوبوونەوە، سەرنجمان بۆ لای کۆمەڵێک باس و بابەت ڕادەکێشرێ کە هەوڵ دەدەین لەم مەجالە کورتەدا ئاماژەیان بخەینە سەر:

### کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی زیندوو و هوشیار

خودی ئەم هێرشە تازانە بۆ سەر خەڵک و چالاکان لە نێوخۆی وڵات کە بەردەوام و بە شێوەی جۆراوجۆر دەکرێن، دەری دەخا کە ڕێژیمی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی زیندوو، خاوەن هەڵوێست و وشیار بەرەوروویە. شەڕی زیاتر لە چل ساڵەی ڕێژیم لە کوردستان، نەتەنیا نەیتوانیوە ئەم میللەتە دەستەمۆ و تەسلیم و گۆشەگیر بکا، بەڵکوو ئەوە ڕێژیمە تووشی شکان هاتووە و لای خەڵکی کوردستان نامۆ و غەوارەیە.



پەرەسەندنی چالاکی و بەشداریی خەڵکی مافخوازی کوردستان لە چووکەترین دەرفەتەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی خەڵک بە گشتی و تەسلیمنەبوونیان بەرانبەر هەموو ئەو فشار و سەرکوتکارییانەی کە ڕۆژانە بە شێوەی سیستماتیک لە لایەن ڕێژیمەوە لە سەریان تاقی دەکرێتەوە، بە تەواوەتی ڕێژیمی تووڕە و بێهیوا کردووە.

کۆڵنەدان بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوت و سووربوون و بەردەوامبوون لە داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییەکانی خۆیان، لە زەینی دەسەڵاتدارانی تاراندا سیمایەکی تایبەتی لە خەڵکی کوردستان چێ کردووە. ئەوان کە زیاتر لە چل ساڵە هەموو جۆرە چەکێکیان بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئەم میللەتە لە سەریان تاقی کردۆتەوە، بە لایانەوە سەخت و دژوارە لەسەرپێبوونی ببینن. ئەم لەسەرپێبوونەی خەڵکی کوردستان کە بۆ لەنێوبردنی زۆریان هەزینە کردووە، بەدڵنیاییەوە لە داهاتووشدا تێچووی قورس و گرانتریان تووش دەکا. ئەم لەسەرپێبوونە ئەگەر بۆ دەسەڵاتدارانی تاران پەیامێکی نادڵخواز و هەژێنەرە، بۆ ڕەوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی دیکەی ئێران، قووەتی قەڵب و بووژێنەرە. ئەوان کە چاوی دیتنی ئەم کۆمەڵگە زیندووە و ئەم میللەتە لەسەرپێیەیان نیە، ناوەناوە ڕق و تووڕەیی خۆیانی پێ دەڕێژن و شەپۆلێکی نوێ لە سەرکوتکاری دەست پێ دەکەن کە ئەم جارەشیان وەک زۆر جاری دیکە گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی لێ کەوتە.

### حیزبەکان و پێگەی جەماوەرییان

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای کۆمەڵێک کەمایەسیی تایبەت کە هەیانە و خۆشیان حاشا لە بوونیان ناکەن، تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، ڕێکخراوترین و جدیترین بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە هەرکامەیان بە مێژوویەک لە خەبات و تێکۆشانەوە پێگەی جەماوەریی تایبەت بە خۆیان هەیە. لەم نێوەدا و لە سەروو هەموانەوە حیزبی دێموکراتە کە بە ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی پێپسانەوەوە، پێگەیەکی قووڵ و بەربەرینی جەماوەریی هەیە. ئەم حیزبە لە تازەترین تاقیکارییەکاندا دەری خستووە کە خەڵکی کوردستان وەک هەمیشە بە ڕێبەری بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی خۆیانی دەزانن. وڵامدانەوەی خەڵک بە بانگەواز و داواکارییەکانی ئەم حیزبە لە بۆنە و مەجالە سیاسی و فەرهەنگی و حیزبییەکان و لە هەمووی گرینگتر، مانگرتنی سەرتاسەریی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی کە دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و بنکە و بارەگاکانی ئەم حیزبە بەڕێوەچوو، باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی ئیدیعا بکەین کە ئەم حیزبە خاوەنی چ پێگەیەکی بەرزی جەماوەرییە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە چل ساڵە بە پیلانی جۆراوجۆری وەک تیرۆری ڕێبەران و لەنێوبردنی کادر و پێشمەرگە و تۆپباران و موشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی ئەم حیزبانە هەوڵی لەنێوبردن یان لانیکەم لاوازکردنیان دەدا، کەچی ئەم حیزبانە، بەتایبەت حیزبی دێموکرات ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە نێو خەڵکی خۆیاندا پێگەی جەماوەرییان زیاتر پەرە دەستێنێ. ئەم واقعیەتە کە خودی ڕێژیم ڕاشکاوانەتر لە هەموو لایەک هەستی پێ دەکا بۆ کاربەدەستانی هەروا بە ئاسانی ناتوانێ قابیلی قبووڵ بێت. بۆیە دیسانیش هەوڵ دەدات – ئەمجارەیان لە ڕێگای شانتاژی میدیاییەوە – کار لەسەر خەوشدارکردنی ڕوخساری ئەم حیزبانە بکا. ئەوەی لەم نێوەدا جێی سەرنجە و بۆ ئێمە گرینگ و پڕ بەهایە، هەڵوێستی بەردەنگەکانی ئەم چەواشەکاریانە واتە خەڵکی کوردستانن کە لێیان دڵنیاین؛ ئەوەندە وشیار و چاوکراوەن کە ئەم جۆرە هەوڵە نەزۆکانە نەتەنیا کار لەسەر گۆڕینی ڕوانگەیان بەرانبەر بە حیزبەکان و ڕۆڵە تێکۆشەراکانیان ناکا، بەڵکوو سوورتر لە هەمیشە بە دژ ئەم چەواشەکاریانەدا دەچنەوە.

### لێدان لە پێشمەرگە و شەهید دوکتور قاسملوو

لە زۆربەی ئەو بەرنامە چەواشەکاریانەی لە میدیاکانی ڕێژیمەوە دژ بە بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان بڵاو بوونەوەتەوە، هێرش بۆ سەر ڕێبەران و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەت دوو هێما و سیمبوولی ئەم بزووتنەوەی تێدا بەرچاو و بەرجەستەن کە یەکیان پێشمەرگەی کوردستان و ئەوی دیکەیان شەهید دوکتور قاسملوویە.

هەروەک دەزانین "پێشمەرگە" کە یەکێک لە دەسکەوتە مەزنەکانی کۆماری کوردستانە، ئێستا لە زەینی هەموو ئینسانێکی کورددا وەک سیمبولی ئازایەتی کە داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان دەکاتە بۆتە بەشێک لە شوناسی نەتەوەییی هەموو نەتەوەی کورد. ئەم هێمایە کە بەردەوام لە بزووتنەوەی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەر و قارەمانانەی گێڕاوە، لەم ساڵانەی دواییدا لە بەرەی شەڕ دژ بە داعش توانی پێگەیەکی نێونەتەوەییش بۆخۆی دەستەبەر بکا. ئەم واقعیەتە لە وجوودی پێشمەرگە کە کۆماری ئیسلامی ئێران ماوەی چوار دەیەیە لە هەموو بەرەکان لەدژی شەڕ دەکا، نەتەنیا ناتوانێ دڵخۆشکەر بێ، بەڵکوو مایەی شکستێکی گەورەی فکرییە. ئەوان باش دەزانن کە پێشمەرگە لە باوەڕ و زەینی خەڵکی کوردستان وەک هێزێکی باوەڕپێکراوی ئازا جێی گرتووە کە لە پێناو ئامانجەکانی خەڵکەکەیدا ئامادەی هەموو فیداکاری و گیانبازییەکە. ئەوان باش دەزانن کە ڕۆژانە دەستەدەستە لە ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە پەیوەست بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبن و لە لای خەڵک و کۆمەڵگە بە چاوی ڕێزەوە سەیریان دەکرێ. بۆیە تەواوی هەوڵیان ئەوەیە ڕوخساری ئەم قارەمانەی میللەتی کورد بشێوێنن کە هەر وەک دەرکەوتووە لەم بوارەشدا مایە پووچ دەردەچن.



سمایل شەرەفی

### بەئامانجگرتنی یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکان

لێکنزیکبوونەوەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا و پێکهاتنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، نیگەرانییەکی دیکەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە هەر وەک لە پیلانەکانیدا دەردەکەوێ، هەموو هەوڵێک دەدا کە ئەم دەسکەوتانە لەبار بەرێ. زەق و زیندووکردنەوەی کۆمەڵێک باس و بابەتی ماوە بەسەرچووی وەک شەڕ و کێشەی نێوخۆیی نێوان حیزبەکان لەگەڵ یەکتری بە مەبەستی جۆرێک لە حەساسیەت دروستکردن کە ئامانجی ئەم بەرنامانەی میدیاکانی ڕێژیمە، بەشێکە لە پیلانی دووبەرەکینانەوە لە نێو بزووتنەوەی کورددا.

حیزبەکان و سەرکردایەتیی ئەم حیزبانە لە هەموو کەس و لایەنێکی دیکە باشتر دەرد و ئازار و خەساری دووبەرەکی، ناکۆکی و شەڕی خۆبەخۆ دەزانن، بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی یەکریزی و هاوکارییەوە دروستیان کردووە، دەسکەوتێکی کەم نییە. ئەم لێکنیزیکبوونەوانە کە بێگومان خەڵکی کوردستانی پێ خۆشحاڵە و بۆ بزووتنەوە بە گشتی قووەتی قەڵب و هیوا بەخشە، کێچی لە کەوڵی نەیارانی بزووتنەوەی کورد و لە سەروو هەموانەی کۆماری ئیسلامی ئێران خستووە. بۆیە لەم بارەوە پێویستە زۆر وریا بن. هەرچەند بە خۆشییەوە لە ئێستای بزووتنەوەی سیاسیی کورددا زۆر لەو ڕووداوە ناخۆشانەی ڕابردوو دوور کەوتووینەتەوە و بەرەو قۆناغێک لە یەکگرتوویی و هاوهەڵوێستیی تۆکمە هەنگاو دەنێی، بەڵام دیسانیش پێویستە لەم پێوەندییەدا وریای پیلانەکانی ڕێژیم و نەیارانی دیکە بین.

خەڵکی وشیار و خاوەن هەڵوێستی کوردستان لەبەرانبەر زیاتر لە چوار دەیە لە سیاسەتی دژیگەلیانەی نیزامی دەسەڵاتداری مەزهەبی لە تاران، بەرەنگاریی لە خۆی نیشان داوە و بە هیچ شێوەیەک نەتەنیا تەسلیم نەبووە بەڵکوو لە هەموو ئاست و بوارەکاندا خۆی لە پرسەکانی خۆی بەخاوەن کردووە. لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای هەوڵێکی زۆری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ لێکدابڕانی حیزبەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان و پەراوێزخستنیان، بە خۆشییەوە حیزبەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات توانیویەتی بە سیاسەتی دروست و هەڵوێستی واقعبینانە وەک هەمیشە پشتی بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان قایم بێ و ئەم پێگەیەی لە نێو جەماوەری خەڵکدا قوڵتر و بەرینتر بکات.

زیندوو ڕاگرتنی کۆمەڵگەی کوردستان کە ئەڵحەق چالاکانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی لە هەموو بوارەکاندا خەریکن لە پێناویدا زۆرترین تێچووی بۆ دەدەن، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە کە دەتوانێ وەک تا ئێستا سەلماندوویەتی وڵامێکی توند بێت دژ بە سیاسەتی ئینکار و سەرکوتی ڕێژیم. هەر لەم پێوەندییەدا شیاوترین و پڕ ماناترین وەڵام بە ئەم هەوڵ و پیلانانەی ڕێژیم – کە دەتوانێ دڵخواز و دڵخۆشکەری خەڵکیش بێت – پاراستنی یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان حیزبەکان و هەڵێنانەوەی هەنگاوی زیاتر لەم پێناوەدایە.

کوردستان
• ژمارە: ٧٩١
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ _ ٣ی فێوریەی ٢٠٢١

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی



دیلان هەردی

تێرۆریزمی دەوڵەتی بەو کردەوە تێرۆریستیيانە دەگوترێ کە دەوڵەت کەڵکیان لێ وەردەگرێ، یان بە ئەنجامدانیان لە لایەن خودی دەوڵەتەوە لەسەر بەشێکی دانیشتووانی ولات، یان بە پشتیوانیکردنی "کردەوەی تێرۆریستی و ئەنجامدانی لە لایەن گرووپە بکەرەکانییەوە، یان ئەنجامدانی لە لایەن ئەو گرووپانەی لە دەرەوەی ولات وەکوو ئامراز لە خزمەت سیاسەتە دەرەکییەکانی دان". بە گوتەی ژوان لەنز، ئەوەی کە سیستەمێکی تۆتالیتەر لەوانیتر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە، ئەو تێرۆرە بەردەوامە زیاتر لە دژی ئێلیتەکانەوە ئەنجام دەدرێ نەک هەموو دژبەرانی دەوڵەت، یان تەنیا لە دژی بژاردە و کەسە گرنگەکانی دژبەران دەکرێ.

**ئ. "قەتڵە زنجیرەییەکان"**

کۆتایی شەڕی ئێران-عێراق لە ١٣٦٧دا، مردنی خومەینی لە ١٣٦٨دا و دەستنیشانکردنی خامنەیی وەکوو وەلی فەقیهـ و پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتیی ولاتدا، قۆناغێکی نوێی لە شێوازەکانی سەرکوتکردن و لە سێدارەدانی چالاکە سیاسییەکان هێنایە کایەوە کە پێشتر باسی لێوە کرا. سەرکوتکردن و گوشار بۆ سەر دژبەران و ناڕازییان لە دوای هاتنە سەر کاری خامنەیی، شێوەیەکی سیستەماتیکتر و ڕێکخراوتر و شاراوەتری بە خۆیەوە گرت. ئۆپەراسیۆنی "کوشتنە زنجیرەییەکان" لە نێوان ساڵەکانی ١٣٦٧-١٣٧٧دا، بریتییە لە زنجیرەیەک کوشتن کە لەودا ژمارەیەکی زۆر نوخبە و بیرمەندی ئێرانی لە نێوخۆ و دەرەوەی ولات بە شێوەی نهێنی کرانە ئامانج. زیاتر لە ٨٠ ئێلیت و بیرمەندی ئێرانیی ڕەخنەگر کە ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی حکوومەت دەگرت، لەو زنجیرە ئۆپەراسیۆنەدا تیرۆر کران. کوشتنەکان لە لایەن بکەرانی نێوخۆی سەر بە حکوومەتەوە ئەنجامدران. لەنێو قوربانییەکان کەسایەتیی جۆراوجۆر هەبوون وەکوو ڕێبەری سیاسی، نووسەر، وەرگێر، شاعیر، چالاکی سیاسی و هاوولاتیی ئاسایی، کە بە شێوازی جۆراوجۆری وەکوو ڕووداوی ئۆتۆمبێل، زەبری چەقۆ، فیشەک و دەرزیی پۆتاسیۆم بۆ دروستکردنی جەڵتەی دڵ، کوژرابوون. ئەو زنجیرە کوشتنانە دوای تێرۆری داریوش فرووهەر، وەزیری پێشووی کار (لە کۆماری ئیسلامیدا) و سکرتێری حیزبی گەلی ئێران، لەگەڵ هاوسەرەکەی -پەروانە فرووهەر- کە هەردووکیان ڕەخنەگر بوون، ئاشکرا بوو و ناڕەزایەتیی گشتی لێ کەوتەوە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دەدا کە هۆکاری کوژرانەکان لە حکوومەت گرێ نەدەن و بیخەنە ملی دوژمنی دەرەکی. بەڵام زۆری نەکێشا بابەتەکە بوو بە هۆی مشتومڕی نێوان میانەڕەوەکان و بناژۆخوازەکان. دوای ئەوەی میانەڕەوەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، دادستانەکانی دۆسیەکە ڕایانگەیاند کە ئەکتەری سەرەکیی کوشتنە زنجیرەییەکانیان دۆزیوەتەوە. ئەمجارە بناژۆخوازەکان هەوڵیان دەدا هۆکاری کوشتنەکان بە ناسیاسی نیشان بدەن و بیکەن بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە کۆتاییدا، حکوومەتی میانەڕەو بۆ پێشاندانی وێنەیەکی ئەرێنی لە خۆی و هێورکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان، وایکرد کە سێ کەسی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات، سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەربچێ و وەزیری ئیتلاعاتیش لە سەر پۆستەکەی لابدرێ.

**ب. سپۆنسەری تێرۆر لە دەرەوەی ولات**

لە دوای ساڵی ١٣٥٨ـــەوە، بەشێک لە دیاسپۆرای ئێرانی یان کۆمەڵگەی ئێرانی لە دەرەوەی ولات، کە پێکهاتووە لە بیرمەندان، نووسەران، کەسایەتی و چالاکە سیاسییەکان، بەردەوام ململانێیان لەگەڵ سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێران دەکرد و هەوڵیان دەدا نەک هەر لە دەرەوە و لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، بەڵکوو لە نێوخۆی ئێرانیش کاریگەرییان هەبێ و هەردوو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و کۆمەڵگەی ئێران لە سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێران ئاگادار بکەنەوە. هەر بۆیەش، لە دوای شۆڕشەوە، بۆ دەسەلاتدارانی ئێران، ئەو بەشە لە دیاسپۆرا بەردەوام وەکوو هەڕەشەیەک سەیر کراوە و ئێلیت و سیاسەتمەدار و ڕێبەرە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن بەردەوام بوون بە ئامانجی دەزگا سیخوڕییەکان و دەستەکانی تێرۆری سەر بە حکوومەتی ئێران لە دەرەوەی ولات. جیاوازیی تێرۆرەکانی دەرەوەی ولات لەگەڵ تێرۆرەکانی نێوخۆی ئێران لەوەدایە کە، لە تێرۆرەکانی دەرەوەدا، هەر دوو باڵی بناژۆخواز و میانەڕەو پشتیوانییان لێ دەکرد و هیچکامیان لە دژی ئەنجامدانی ئەو تێرۆرانە بەفەرمی هەڵوێستیان نەگرت.




لەگەڵ ئەوەشدا کە دادگای ولاتانی دیکە بە بەڵگەوە چەندین کەسی سزا داوە یان داوای دادگاییکردنییان دەکا، بەڵام لە نێوخۆی ئێران، نە هیچ بکەرێکی ئەو تێرۆرانە دەستگیر کراوە و نە هیچ کەسیش تا ئێستا لە سەر ئەو بابەتە دادگایی کراوە. هەر کات دادگایەکی ولاتانی دەرەوە بکەرێکی کردەوە تێرۆریستییەکانی سەر بە حکوومەتی ئێرانی دادگایی کردوە، باڵی میانەڕەو کە شارەزایی زیاتری لە کاری دیپلۆماسیدا هەیە، زیاتر لە باڵی بناژۆخوازەکان هەوڵی داوە بە گوشاری سیاسی یان بە هەر شێوەیەک بۆی کرابێ، بکەرەکان ڕزگار بکا و بیانگەڕێنێتەوە ئێران، زۆر جاریش لەو کارەدا سەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە، دوای تێرۆرکردنی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و عەبدوڵڵا قادریئازەر، نوێنەری ئەم حیزبە لە دەرەوەی ولات لە ساڵی ١٣٦٨دا لە شاری ڤییەن، کە لە لایەن دیپلۆماتکارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام درا، حکوومەتی ئێران گوشاری خستە سەر حکوومەتی ئەو کاتی ئۆتریش بۆ ئەوەی بکوژەکان ڕادەستی ئێران بکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگر بێ لە دادگاییکردنی بکەران و دیپلۆماتکارانی ئێرانی لە لایەن دەزگای دادوەریی ئۆتریشەوە. یەکێک لە ئەندامە گرنگەکانی دەستەی تێرۆر لە ئۆتریش، مەحموود ئەحمەدینەژاد بوو کە دواتر کرا بە سەرکۆماری ئێران. هەروەها، سەرۆکی دەستەی تێرۆر، محەممەد جەعفەری سەحراروودی بوو کە دواتر کرا بە بەرپرسی دەفتەری سەرۆکی پارلمانی ئێران.

ژمارەی قوربانییانی تێرۆری دەوڵەتی لە دەرەوەی ئێران ڕوون نییە، چونکە پێویستی بە سەرچاوە و بەڵگەی سەلمێنەر هەیە، بەڵام بەگوێرەی ئەو ژمارانەی لە لایەن سەرچاوە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ولاتەوە بلاو دەکرێنەوە، زیاتر لە هەزار کەس بوونەتە قوربانیی تێرۆری دەوڵەتیی حکوومەتی ئێران. یەکەم کەس کە هەوڵی تێرۆر کردنی لە دەرەوەی ولات درا، شاپوور بەختیار، سەرۆکوەزیرانی پێشوی ئێران (لە سەردەمی شادا) و سکرتێری گشتیی "حیزبی ئێران" بوو کە نیشتەجێی شارۆچکەیەکی نزیک پاریس بوو. ساڵی ١٣٥٩، شاپوور بەختیار لە لایەن کەسێکی لوبنانییەوە بە ناوی ئەنیس نەققاش لە ماڵەکەی خۆیدا کرایە ئامانج. هەرچەندە کردەوە تێرۆریستییەکە شکستی هێنا، بەڵام پۆلیسێک و کەسێکی مەدەنی فەڕەنسی کوژران و پۆلیسێکیش بریندار بوو. ئەنیس نەققاش لە لایەن پۆلیسی فەڕانسەوە دەستگیر کرا و بە بەندکرانی هەتاهەتایی سزا درا، بەڵام دە ساڵ دواتر، لە ساڵی ١٣٦٩دا لەگەڵ چوار بکوژی دیکەدا ئازاد کرا (بە ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان فەڕانسە و ئێرانغدا، بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا، ٤ بارمتەی فەڕەنسی لە لوبنان ئازاد بکرێن). دوای ئازادبوونی، ئەنیس نەققاش کرا بە سەرۆکی ناوەندێکی لێکۆڵینەوە بە ناوی ئەمان.

ئەنیس نەقاش لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی فارس نیوزدا دەڵێ:

***"حوکمی مردنی بەختیار لە لایەن دادگای شۆڕشەوە ڕاگەیەندرابوو و لە لایەن ئیمام خومەینییەوەش پەسند کرا. بە هاوڕێیانی پاسدارم گوت کە دەبێ هەرچی زووتر شتێک بکەین، چونکە کەسێکی مەترسیدارە. [...] کوشتنی بەختیار یەکێک لە شانازییەکانی منە."***

ئەنیس نەققاش، گەلاوێژی ١٣٨٧

لە ساڵی ١٣٧٠دا و ساڵێک دوای ئازادکرانی ئەنیس نەققاش، شاپوور بەختیار لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی لە ماڵی خۆیدا تێرۆر کرا. شوێنی لێدانی ١٣ چەقۆ بە جەستەیەوە دیار بوو و قوڕگیشی بڕابوو. دوای ئەو ڕووداوە، پۆلیس بە دوای ٩ گومانلێکراودا دەگەڕا کە یەکێکیان، ڕاوێژکاری وەزیری پەیوەندی و گەیاندنی ئێران بوو. لەو ٩ کەسە تەنیا یەک کەسیان بە ناوی عەلی وەکیلیڕاد لە ولاتی سوئیس دەستگیر کرا و بە ١٨ ساڵ بەندکرانی بێ کەمبوونەوە سزا درا، بەڵام ساڵی ١٣٨٩، دوو ڕۆژ دوای ئازادکرانی خوێندکارێکی فەڕەنسی، کە ماوەی ساڵێک بوو لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە دەستگیر کرابوو، عەلی وەکیلیڕاد بە شێوەیەکی گوماناوی ئازاد کرا. بەپێی بەدواداچوونی ڕاگەیەنە فەڕەنسییەکانی وەکوو لۆمۆند و لیبراسیۆن و لۆپاریسیەن، ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان حکوومەتی ئێران و حکوومەتی فەڕانسە بۆ گۆڕینەوەی زیندانییەکان کراوە. عەلی وەکیلیڕاد، دوای گەیشتنەوەی لە فڕۆکەخانە لە لایەن بەرپرسانی ئێرانەوە پێشوازیی لێ کرا و وەکوو قارەمانێکی نەتەوەیی ناسێندرا. بە گوتەی جێریمی هانت، وەزیری دەرەوەی بریتانیا، حکوومەتی ئێران، هاوولاتییانی مەدەنی ولاتانیتر بە بارمتە دەگرێ و وەکوو "بارمتەی دیپلۆماتیک" دەیهەوێ گوشار بخاتە سەر ئەو ولاتانە. هانت حکوومەتی ئێرانی وەکوو ڕێژیمێکی بێپرەنسیپ و نامرۆڤانە وەسف کرد. لە ساڵەکانی ١٣٥٩و ١٣٦٩دا، دەیان ئێلیت و ڕێبەر و کەسایەتیی سیاسی لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە دەرەوەی ولات، بەتایبەت لە ولاتانی ئوروووپی تێرۆر کران. زۆربەی ئەو تێرۆرانە لەنێو باڵوێزخانەکاندا ڕێک دەخران، چونکە لەنێو هەر باڵوێزخانەیەکی کۆماری ئیسلامی لە ولاتانی جیهان، دەفتەر یان ژووری کاری دەزگا زانیارییەکانی ئێرانی تێدایە کە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانیان، کەڵک لە ئۆتۆمبێل و پاسپۆرتی دیپلۆماتیک وەردەگرن، بۆ ئەوەی پۆلیسی ئەو ولاتانە نەتوانێ بە ئاسانی پێش بە کارەکانیان بگرێ.

**ج. تێرۆری میکۆنۆس ترۆپکی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران لە ئورووپا**

لە ماوەی کۆنگرەی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا کە ڕۆژی ٢٢ هەتا ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ لە شاری بێرلینی پێتەختی ئاڵمان بەسترا، ژمارەیەک چالاکی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە بەشدارانی کۆنگرەکە بوون. یەکێک لە بەشداربووانی کۆنگرەکە، د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکرات بوو کە دوای تێرۆرکرانی عەبدولڕەحمان قاسملوو، بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەڵبژێردرابوو. چەند ڕۆژ پێش بەسترانی کۆنگرە، شەرەفکەندی بەتەما بوو بۆ بەهێزتر کردنی پەیوەندییە حیزبییەکانی لەگەڵ ئێرانییەکانی دیکە، چاوی بە ژمارەیەک کەسایەتی و نووسەر و چالاکی سیاسیی ئێران بکەوێ، هەربۆیەش بۆ ئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان، ژمارەیەک لەو کەسانە لە لایەن شەرەفکەندییەوە بانگهێشتی ڕێستۆرانی میکۆنۆس کران. ناوی بانگهێشتکراوان پێشتر ڕادەستی خاوەنی ڕێستۆرانەکە بە ناوی عەزیز غەفاری کرابوو تا بانگهێشتیان بکا، بەڵام ناوبراو لەجیاتی ئەوەی بۆ ٢٦ی خەرمانان بانگهێشتیان بکا، بۆ ٢٧ی خەرمانان بانگهێشتیان دەکا (بانگهێشتەکە دەبوایە بۆ شەوی پێنجشەممە لە سەر هەینی بایە، بەڵام خاوەن ڕێستۆرانەکە بۆ شەوی هەینی لە سەر شەممە بانگهێشتییان دەکا، بە بیانووی ئەوەی شەوی هەینی هەمان شەوی هەینی لە سەر شەممەیە )، هەر بۆیە جگە لە چەند کەس کە بە تەلەفوون ئاگادار کرابوونەوە، کەسیتر نەهاتبوو بۆ ڕێستۆران. کاتژمێر ٢٢:٥٠، سێ کەس دێنە ژوورەوە و د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، فەتاح عەبدولی نوێنەری ئەو حیزبە لە ئورووپا، هومایون ئەردەڵان نوێنەری ئەو حیزبە لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی، کارمەندی خاچی سوور و دۆستی حیزبی دێموکرات، دەدرێنە بەر گوللە. ئامانجی هێرشبەران تەنیا تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بوو، هەر بۆیەش سێناریۆیەکەیان جۆرێک ڕێک خستبوو کە میوانەکان بەشدار نەبن و ئەو میوانانەش کە هاتبوون و پەیوەندییان بە حیزبی دێموکراتەوە نەبوو، نەکرانە ئامانج.

هەر وەکوو تێرۆرەکانی پێشوو، بکوژەکان دواتر لە لایەن پۆلیسی ئاڵمانەوە دەستگیر کران، حکوومەتی ئاڵمان دەیویست بە شێوەی نهێنی ئازادیان بکا یان ڕادەستی حکوومەتی ئێرانیان بکاتەوە، بەڵام دەسەڵاتی دادوەریی ئاڵمان سەربەخۆیی خۆی پاراست و ڕێگەی لە حکوومەتی ئاڵمان گرت کە ئەو کارە بکا. پرۆسەی دادگاییکردن لە ڕەزبەری ١٣٧٢ دەستی پێ کرد و زیاتر لە پێنج ساڵی خایاند و دواجار دادگا بکوژەکانی بە تاوانبار ناساند. تاوانباران، کازم دارابی کە وەکوو دوکاندارێکی ئێرانی لە بێرلین کاری دەکرد، عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی کە کەسێکی ئێرانیی سەر بە دەزگای زانیاریی ئێران یان ئیتلاعات بوو، عەباس حوسێن ڕاحەیل کە کەسێکی لوبنانی بوو، هەر سێکیان بە زیندانی هەتاهەتایی سزا دران و دوو کەسی دیکەش بە ناوەکانی یووسف ئەمین و محەممەد ئەتریس بە تاوانی هاوکاری بە ١١ ساڵ و ٥ ساڵ سزا دران. ساڵی ١٣٧٦، بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لایەن دادگای ئاڵمانەوە، وەکوو تاوانبارانی سەرەکیی تێرۆری میکۆنۆس ناسێندران. ئەوەش یەکەمجار بوو حکوومەتی ئێران وەکوو دەوڵەتێکی تێرۆریست مەحکووم بکرێ. لە ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦دا دادگا بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ هەر یەکە لە عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ئێران و عەلی فەللاحیان، وەزیری ئیتلاعات، دەرکرد. ئەو بڕیارەی دادگا بوو بە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی دیپلۆماتیک لە نێوان ئێران و ژمارەیەک ولاتی ئورووپی تا خەزەڵوەری ١٣٧٦، ئەو کاتەی محەممەد خاتەمی وەکوو نوێنەری ڕیفۆرمخواز و میانەڕەوەکان، ببوو بە سەرکۆماری ئێران. دوای ئەوە و پاش هەندێک ڕێککەوتنی نهێنی، پەیوەندییەکانی ئێران و ولاتانی ئورووپایی گەڕانەوە سەر دۆخی جاران و تێرۆرە دەوڵەتییەکانی حکوومەتی ئێرانیش لە ئورووپا ڕاوەستانێکی بۆماوەییان بە خۆیانەوە بینی. زۆرێک لە شارەزایان پێیانوایە کە دۆسیەی میکۆنۆس، کۆتایی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران لە ئورووپا و زۆر ولاتی دیکەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی ئێران هەرکات هەلی بۆ ڕەخسابێ، لە لەنێوبردنی نەیارانی خۆی بە شێوەی تێرۆر کردن، کەڵکی وەرگرتووە. بارودۆخی عێراق و زاڵبوونی ئێران بە سەر هەندێک لایەنی عێراقیدا، ئەو هەلەی بۆ ئێران ڕەخساندووە کە زۆرێک لە دژبەرانی خۆی لەو ولاتە تێرۆر بکا. ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ئێران کە دانیشتووی باشووری کوردستانن، بە بەردەوامی لە لایەن دەزگا سیخوڕییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە تێرۆر کراون. لە ساڵانی ڕابردوودا و بە تایبەت دوای ڕێککەوتنی ئەتومی لەگەڵ ئەمریکا و ولاتانی ئورووپایی، ژمارەیەک کردەوەی تێرۆریستی یان هەوڵدان بۆ تێرۆر لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە دژی نەیارەکانی لە ئورووپا تۆمار کراون. بۆ نموونە لە دوای ساڵی ١٣٩٤ـەوە چەندین جار دیپلۆماتەکانی ئێران لە ولاتانی ئورووپی لە کاتی ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی دەستگیر کراون یان لەو ولاتانە دەر کراون. ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە تێرۆریزمی دەوڵەتیی حکوومەتی ئێران هەر بەردەوامە، ئەگەرچی لەوانەیە بە شێوەی کاتی ڕاگیرابێ.

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (تێکرمانی دیکتاتۆری)


و:مەنسوور مروەتی

**هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی نارازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە "دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن."**
**لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:**

ەباتە سیاسییەی کە بە شێوەیەکی دروست و سەرکەوتوو ڕێنوێنی کرابێ، لە ئاکامدا دەتوانێ وێرای بەهێزکردنی بەرەی ئازادیخوازان وەها کاریگەریی لەسەر هەندێ بەشی کۆمەڵگە دابنێ کە دیکتاتۆر نەتوانێ بە ئاسانی کۆنترۆڵی بەسەردا هەبێ. هەروەها دەبێ ئەم شێوە خەباتە سیاسییە ببێتە نموونەی ئەزموونێکی پڕبایەخی «خۆ بواردن لە هاوکاری ڕێژیم».

ئەم ئەزموونە لە کاتی خۆی‌دا و لە ئاستێکی گەورەتردا یارمەتییەکی گەورە دەکا.



هەروا کە پێشتر (لە بەشی سێ‌دا) باس کرا، ملکەچ بوون و هاوکاری‌کردن و گوێڕایەڵیی خەڵک بۆ مانەوەی دیکتاتۆر لە دەسەڵاتدا زەرووڕە. بەبێ دەستپێڕاگەییشتن بە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی، دیکتاتورەکان لاواز دەبن و لە ئاکامدا لەنێو دەچن. کەواتە وەرگرتنەوەی پشتگیری و پشتیوانیی خەڵک، گرینگترین هەنگاوی پێویست بۆ لێکهەڵوەشانی دیکتاتورە.

خەباتی سیاسی و ئەو کارە سەمبۆلیکانەی کە دیکتاتور وەزاڵە دێنێ، لەو شێوازانەن کە دەتوانن ڕەوایی ئەخلاقی و سیاسیی ڕێژیم لاواز بکەن. ڕێژیم هەرچەندە ڕەوایی و مەشرووعیەتی زیاتر بێ، زیاتر دەتوانێ خەڵک گوێڕایەڵی خۆی بکا و پشتی پێ ببەستێ. بۆیە هەرەشە بۆ سەر مان و مەوجوودییەتی ڕێژیم دەبێ لە کردەوەدا و بە گوێڕایەڵ‌نەبوونی خۆی نیشان بدا. هاوکاری‌نەکردن و ملکەچ‌نەبوونی دیکتاتور دەتوانێ سەرچاوەکانی دیکەی دەسەڵاتی لەدەست دەربێنێ.

دووهەمین سەرچاوەی گرینگی دەسەڵات، سەرچاوە مرۆییەکانن. واتە ڕێژە و گرنگیی ئەو کەسانەی کە هاوکاریی دەسەڵاتداران دەکەن و یارمەتییان دەدەن. ئەگەر ئەو هاوکاری و یارمەتییانەی ئەو بەشە لە خەڵک لە دیکتاتور وەربگیرێتەوە، ڕێژیم تووشی کێشەی زۆر جیددی دەبێ. بۆ وێنە ئەگەر کارمەندەکان کاری ئاسایی خۆیان نەکەن و لە ماڵدا بمێننەوە، دەزگای ئیدارهی ڕێژیم تووشی کێشەی زۆر جیددی دەبێ.

هەر بەو شێوەیە ئەگەر ئەو بەشەی لە خەڵک کە شارەزایی و توانایییەکیان لە بوارێک‌دا هەیە، هاوکاریی ڕێژیم نەکەن، دیکتاتور ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بەرەو لاوازی دەچێ. تەنانەت وای لێ دێ کە توانایی بڕیاردان و بەڕێوەبەریی وڵاتی نامێنێ.

ئەگەر خەڵک ئەو کاریگەرییە ڕوحی و ئیدئۆلۆژییەیان کەم بێتەوە کە هۆکارێکی گرینگە بۆ ملکەچبوونییان بە فەرمانەکانی دەسەڵاتی دیکتاتور، ئەوجار زیاتر ڕوو دەکەنە نافەرمانی و پشت‌کردن لە ڕێژیم.

دەستپێڕاگەییشتنی دیکتاتور بە سەرچاوە ماددیەکانیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتەکەی دەبێ. ئەگەر هێزە ئازادیخوازەکان بتوانن ئەو سەرچاوە ماددییانە و سیستمی ئابووری، سامانە سروشتییەکان و کەرەسەکانی پێوەندی و گواستنەوە کۆنترۆڵ بکەن، سەرچاوەیەکی گرینگی دیکەی دەسەڵات لە دەستی دیکتاتور دەردەچێ و زیاتر بەرەو لاوازیی دەبا. بایکۆت و مانگرتنەکان و کۆنترۆڵی زیاتری ئازادیخوازان بەسەر بەشەکانی ئابووری و گواستنەوە و پێوەندییەکان ڕێژیم بەرەو لاوازیی زیاتر دەبا.

هەروا کە پێشریش باس کرا، توانایی دیکتاتورەکان لە ترساندن و تۆقاندن و سەرکوت و سزادانی تێکۆشەرانی کۆمەڵگە بەشێکی بنەڕەتی لە دەسەڵات و هێزی دیکتاتورە. ئەم هێزە دەکرێ بە دوو شێوە لاواز بکرێ، یەکەم ئەگەر خەڵک وەکوو کاتی شەڕ ئامادە بن تێچووەکانی خەبات بدەن کاریگەریی ئەو سەرکوتانە زۆر زۆر کەم دەکا. واتە سەرکوتەکان ناتوانێ خەڵک ملکەچ بکا. دووهەم ئەگەر خودی هێزەکانی پۆلیس دڵسارد ببنەوە لەوانەیە خۆیان لە فەرمانی لێدان و تەقەکردن لە خەڵک ببوێرن و فەرمانەکان جێبەجێ نەکەن. ئەگەر ئەوە بکرێ ئیتر دیکتاتور ناتوانێ پشت بە هێزەکانی پۆلیس و هێزە چەکدارەکانی ببەستێ و لەو بەشەدا سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر بکا؛ بۆیە پێویستە ئەو چەکەی لەدەست دەربێنێ.

بە کورتی سەرکەوتن لە بەرانبەر دیکتاتوردا، پێویستیی بە کەم‌کردنەوە و نەمانی سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵاتە. بەبێ ئەوانە دیکتاتور لاواز دەبێ و لە کۆتاییدا دەڕووخێ. لەبەر ئەوە پلاندانانی ستراتیژیکی باش بۆ خەباتی سیاسی بە دژی دیکتاتورەکان دەبێ سەرەکیترین سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵاتی دیکتاتور بکاتە ئامانج.

**پەرەپێدانی ئازادی**

گەشەکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی ئابووری و فەرهەنگی و سیاسی لە دەورانی خەبات‌دا بەرەبەرە دەبێتە هۆی گەشە و کرانەوەیەکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگە و کەم‌بوونەوەی دەسەڵاتی دیکتاتور. بەهەر ئەندازە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز ببن بەو ڕادەیە هێزی دیکتاتور کەم دەبێتەوە و خەڵک هەرچی زیاتر کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی دیکتاتور دادەمەزرێنن. لەو کاتەدا ئەگەر دیکتاتور بیهەوێ پێش بەو ڕەوتە بگرێ، خەباتی ناتوندوتیژ دەتوانێ بە شێوەیەکی باش لە بەرانبەر دیکتاتوردا ڕاوەستێ و پارێزگاری لەو ئازادییە بکا کە وەدەستیان هێناوە.

ئەم تێکەڵەیە لە خەبات و دامەزراندنی ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکان دەتوانێ ببێتە هۆی سەقامگیریی ئازادییەکی ڕاستی و تێکرووخانی دیکتاتوری و دامەزرانی سیستمێکی دیموکراتیک. چونکە ئەوکات کۆمەڵگە لە بنەڕەت‌ڕا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.


وڵاتی لەهستان لە دەیەی ٧٠ و ٨٠ی زایینی نموونەیەکی ڕوونی وەرگرتنەوەی سەرچاوەکانی هێز و دامەزرانی ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکان لە ڕێگای ئازادیخوازەکانەوەیە. کلیسای کاتۆلیک لەژێر گوشار و ئازاردا بوو، بەڵام هیچکات بەتەواوی نەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیستەکان. لە ساڵی ١٩٧٦دا ڕۆشنبیران و کرێکاران هەندێ گرووپی بچووکیان وەکوو «کۆمیتەی بەرگریی کرێکاران» پێک‌هێنا کە مەبەستیان بردنەپێشی بیروباوەڕی سیاسیی خۆیان بوو. لە ساڵی ١٩٨٠ «ڕێکخراوەی یەکیەتیی سینفی» بە نیشاندانی هێزی خۆی لە ڕێخستنی مانگرتنەکان توانی ڕەسمیەتی خۆی بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێ. هەروەها جووتیاران، خوێندکاران و زۆر گرووپی دیکەش ڕێکخراوەی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیان پێک‌هێنا. کاتێک کۆمۆنیستەکان زانییان کە ئەم گرووپانە ڕاستییەکان و باڵانسی هێزیان لە کۆمەڵگەدا گۆڕیوە، چالاکییەکانی یەکیەتی سینفییان قەدەغە کرد و حکوومەتی نیزامییان ڕاگەیاند. تەنانەت بەو حکوومەت نیزامییەش و سەرەڕای بەندکردنەکان و ئەشکەنجەی توند، ڕێکخراوەکان چالاکییەکانی خۆیان ڕانەگرت. بۆ وێنە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار بەبێ ئیزن درێژەیان بە کاری خۆیان دەدا. لەگەڵ ئەوەش نووسەرە بەناوبانگەکان، ناوەندەکانی چاپەمەنیی کۆمۆنیستەکان و چاپخانە دەوڵەتییەکانیان بایکۆت کردبوو. لەولاشەوە چاپخانە بێ‌مۆڵەتەکان لە ساڵ‌دا سەدان کتێبیان چاپ و بڵاو دەکردەوە. ئەو کارانە و هەندێ کاری هاوشێوەی ئەوانە لە بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا بەڕێوە دەچوون.

دەوڵەتی نیزامیی کۆمۆنیستەکان لەژێر دەسەڵاتی جروسلسکی لە یەک ڕوانگەوە پاڵی بە کورسیی دەسەڵاتەوە دابوو. ئەویش ئەوە بوو کە ئەوان هێشتا پلەدار و پلەباڵاکان و نووسینگە و بینا دەوڵەتییەکانیان لە کۆنترۆڵدا بوو. ڕێژیم هێشتا دەیتوانی بە زۆری و گوشاری سزاکان و دەسبەسەرکرانەکان و زیندانی‌کردنەکان و دەستبەسەرداگرتنی دەزگاکانی چاپ و شتی لەو بابەتە فشار بۆ کۆمەڵگە بێنێ. بەڵام بەو حاڵەش دیکتاتوری نەیتوانی کۆمەڵگە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ڕێژیم لەم ڕوانگەیەدا تەنیا شتێک کە نەیدەزانی و لێی ناروون بووو، ئەوکاتە بوو کە کۆمەڵگە توانی دیکتاتوری بە تەواوی تێک بڕووخێنێ.

تەنانەت ئەو کاتەی کە دیکتاتۆری هێشتا دامودەزگا دەوڵەتییەکانی لەژێر دەست‌دایە، دەکرێ «دەوڵەتێکی هاوتەریب» و دیموکراتیک دابمەزرێ. ئەم دامەزراوەیە دەتوانێ بە شێوەیەکی ڕوو لە هەڵکشان وەکوو دەوڵەتێکی ڕکەبەری ڕێژیم کار بکا و پشتیوانیی خۆی لە خەڵک و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان وەربگرێ. لە ئاکامدا مەشرووعیەتی دیکتاتوری ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە و ئەوەی بەلاوە گران دەبێ. لە کۆتایی‌دا لەوانەیە دەوڵەتی ڕکەبەری دیکتاتور لە قۆناغێک‌دا بتوانێ ڕێژیمی دیکتاتوری لابدا و سیستمێکی تەواو دیموکراتیک لە جێگای دابنێ.

لەو کاتەدا دەکرێ قانوونێکی بنەڕەتی ئامادە بکرێ و بۆ تێپەڕین لەو دۆخە هەڵبژاردنێکیش بەڕێوە ببرێ.

---





برایم چووکەڵی

شەهید عەلی حەنیفی لە شارەدێی ئارمردە لە بنەماڵەیەکی زۆر زەحمەتکێش و هەژاری ناوچەی بانە لەدایک بوو. باوکی سەرەڕای ئەو هەمووە ڕەنج و زەحمەتەی دەیکێشا دیسان بە زەحمەت خەرج و بژێوی ماڵەوەی بۆ دابین دەبوو، سەرباقی ئەوەش هێشتا عەلی منداڵ بوو کە گیانی لەدەست دا و بەوە بنەماڵەکەی پاش خۆی خستە تەنگانەوە. عەلی بە هۆی منداڵی و نەبوونی توانا و وزەی کارکردن نەیدەتوانی دەرەقەتی خەرجییەکانی ژیانی بنەماڵەی بێت و پاش ماوەیەک دایکیشی کە هەژاری و خەمۆکی و نەخۆشی برستی لێ بڕیبوو، کۆچی دوایی کرد سێ منداڵی بێ سەرپەرست هێشتەوە. ئەو کات عەلی تەمەنی ١٢ ساڵ بوو.

عەلی ساڵی دواتر پەڕیوەی شاری سلێمانی بوو و ملی وەبەر کارکردن نا و هەر لەو شارە پێگەیشت و ژیانی هاوبەشیی پێک هێنا و هەتا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ نەگەڕاوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەگەڵ سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان‌دا عەلی کە بە «عەلی‌یە ڕەش» دەناسرا، هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی ئاربابا. ئەو زۆر زوو پێشانی دا کە ڕۆڵەیەکی بە بیروباوەڕ و خەباتگێڕێکی قارەمان و کۆڵنەدەرە. لە شەڕی ٣ مانگەدا بە بەشداری لە شەڕەکانی ناوچەی بانە و نواندنی ئازایەتی سەلماندی کە پێشمەرگەیەکی لێزان و بەجەرگ و شارەزایە، بۆیە وەک فەرماندەری گرووهی زەربەتی پێشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی وێردی دیاری کرا. لەو سەردەمەدا ناوی عەلی هیوا و هۆمیدی بە خەڵکی شار و دەورووبەری دەبەخشی و زەندەقی دوژمنی دەبرد و جاش و پاسدار بە بیستنی ناوی عەلی‌یە ڕەش زراویان دەچوو.

ناوبانگی عەلی‌یە ڕەش لە شەڕی ٣٧ ڕۆژەی شاری بانەدا کە لەودا ستوونی زرێهیی قەزوین بە دەستی پێشمەرگەکانی هێزی تێک‌وپێک درا، هێندەی دیکە کەوتە سەر زاران. لەم شەڕەدا عەلیی قارەمان و کۆڵنەدەر توانیی فەرماندەری ستوونی نیزامیی دوژمن بە دیل بگرێ. وەک دەگێڕنەوە فەرماندەری ستوونی دوژمن بە نیشانەی تەسلیم‌بوون دەستەکانی بەرز دەکاتەوە. عەلی بەرەو لای دەچێ، بەڵام ناوبراو لە پڕ دەست بۆ دەمانچەکەی دەبا و تەقەی لێ دەکا. عەلی بریندار دەبێ، بەڵام بەو حاڵەش بە برینداری شاڵاوی بۆ دێنێ و دەیخاتە بن خۆی و بە دیلی دەگرێ. لەو شەڕەدا بەهۆی ئازایەتیی عەلی ستوونەکە تەفروتوونا بوو، دەیان ماشێن سووتێنران، سەدان کەس لە هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون، دەسکەوتێکی زۆری فیشەک و چەکوچۆڵ بۆ پێشمەرگە بەجێ ما.

«عەلی‌یە ڕەش» پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی بەگوڕتر لەجاران گەڕایەوە هێز. ئەو لە خەباتی پارتیزانی‌دا ببووە پێشمەرگەیەکی لێزان و مامۆستایەکی شارەزا و قۆناغەکانی سەرکەوتنی یەک لە دوای یەک بڕی، بۆیە لە لایەن فەرماندەری هێزەوە وەک فەرماندەری لکی یەکی هێزی شەهیدانی وێردی دیاری کرا. بەم‌جۆرە لکی یەکی ئەم هێزە بە فەرماندەری و قارەمانەتیی ئەم فەرماندەرە بەوەج و کۆڵنەدەرە دەیان عەمەلیاتی نەبەزانەی لە ناوچەی بانە بەڕێوە برد، دەیان زەبریان لە دوژمن وەشاند و دەیان هێرشی دوژمنیان تێک شکاند.

مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری دڕندانەیان بۆ سەر جادەی بانە–سەردەشت بۆ چەندەمین جار دەست پێ کرد، پێشمەرگە ئازاکانی هێزی شەهیدانی وێردی لە سەنگەری ئازادی‌دا بەرەنگاری دوژمن بوونەوە. عەلی‌یە ڕەشی قارەمانیش بەرانبەر بە دوژمن حەماسە و شانازی دەخوڵقاند، سینگی کردبووە قەڵغانی دیفاع لە نەتەوەکەی. لەو شەڕەدا دەیان ماشێنی دوژمن سوتێنران و سەدان کەس لە هێزی ڕێژیم کوژران. ڕێژیم بە تانک و توپ و فڕۆکە و هێلی‌کوپتێر هێرشی دێنا و تێک دەشکا و دەگەڕایەوە.

ڕۆژی ٦ی گەلاوێژ بوو. کوژراوەکانی دوژمن و ماشێنە سووتاوەکانیان کەلێن و قوژبنی ڕێگای بانە– سەردەشتی گرتبوو. شەڕ هەروا گەرم بوو. پێشمەرگەیەک بە سینگەخشکە خۆی گەیاندە چەند هاوڕێی و بە ئەسپایی گوتی شەهید بوو. هاوسەنگەرانی وێکرا گوتیان کێ شەهید بوو؟ گوتی: کاک محەممەد مروەتی، لەتیف، حەسەن قادری، محەممەد نەجات، ڕەحمان غەفووری، محەممەدئەمین حەسەن‌زادە، ساڵح باڵولی و سەلیم قادری. هەموویان بە سەرسوورمانەوە وتیان کێی دیکەش؟ پێشمەرگەکە لەبەرخۆیەوە گوتی عەلی‌یە ڕەشیش. یەکێک لە پێشمەرگەکان گوتی ئێستا شەڕە و مادام فەرماندەکەمان شەهید بووە نابێ جارێ کەس بزانێ هەتا شەڕ تەواو دەبێ.

شەڕ تەواو بوو. ڕۆڵەکانی گەل تەرمی ٥ قارەمانی مەیدانی خەبات و تێکۆشانیان لەسەر شان دانا و لە کاتێک‌دا ڕق و قینی شۆڕشگێرانە سەرانسەری وجوودی داگرتبوون، بە خوێندنەوەی سروودی ئەی شەهیدان تەرمی هاوسەنگەرەکەیان تەسلیم بە خاکی نیشتمان کرد. هەواڵی شەهیدبوونی «علی‌یە ڕەش» و هاوڕێیانی لە ناوچەی بانە دەنگی دایەوە، خەڵک فرمێسکیان بۆ ڕشتن و خەم و پەژارە دایگرتن، بەڵام زۆری پێ نەچوو ڕێبوارانی ڕێگای شەهید عەلی توانییان بە یادی هاوسەنگەرانی شەهیدیان چەندین ستوونی هێرشکەر لە جادەی بانە–سەردەشت‌دا تێک بشکێنن و یەکێک لە گەورەترین فەرماندەرانی بەکرێگیراوی ڕێژیم بە ناوی سەرگورد شەهرامفەر بکوژن و بەوە تا ڕادەیەک کوڵی دڵی خۆیان و خەڵکی زەحمەتکێش و دڵ پڕ لە خەمی ناوچەی بانە دامرکێنن.

شۆڕش ئاهی:

# داگیرکەر نەیتوانیوە شوناسمان بفەوتێنێ و ڕێمان لێ ون بکا، چونکی پێشەوا قازی نەخشە گەورەکەی بۆ کێشاوینەتەوە

دیمانە: عەلی لەیلاخ



**یەکێک لە هونەرە گرینگ و کۆنەکان هونەری نیگارکێشییە کە تەمەنێکی بەردرێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی مێژوو. لە سەردەمی ئەشکەوتنشینییەوە مرۆڤەکان بە نەخشاندنی هێندێک وێنە ڕەمز و پیرۆزییەکانی خۆیان لەسەر گاشەبەرد و دیوارەکان‌دا بەجێ هێشتووە. ئێستاکە ئەو هونەرە بە پێی قوناخەکان، فۆرم و ستایلی جیاجیای بە خۆیەوە گرتووە و لە ئاستی جیهاندا نیگارکێشیی هەڵگری کۆمەڵێک ڕەمز و مەفهوومی تایبەتە بە مێژووی گەلان.**

**لەنێو گەلانی چەوساوەش‌دا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیستەمی ستەمکار و خۆسەپێن و دیکتاتۆر هونەرمەند هونەری خۆیان وەکوو چەکێک بەکار هێناوە. گەلی کوردیش کە مێژوویەکی درێژ و زێڕینی لە بەربەرەکانی لەگەڵ داگیرکەران‌دا هەیە، کەم نین ئەو هونەرمەندە دەروەست و خەڵکییانەی کە لە ڕێگای هونەرەوە خزمەت بە ئێستا و داهاتووی نەتەوەکەیان دەکەن.**

**ڕۆژنامەی "کوردستان" بۆ باس لەسەر نیگارکێشیی و هونەری دەروەستی شێوەکاری وتوویژێکی لەگەڵ هونەرمەند شۆڕش ئاهی، نیگارکێش و پەیکەرتاشی لاوی کورد پێک‌هێناوە:**

**شۆڕش ئاهی وەکوو هونەرمەندێک چەندین ساڵە بە نەخشاندنی سیمبول و نمادەکانی گەلی کورد چ وەکوو پەیکەرتاشی چ وەکوو نیگارکێشی ناوێکی ئاشنایە. پێمان خۆشە لەسەر نوێترین بەرهەمی جەنابت قسە بکەین کە هەڵکەندنی پۆرترەی پێشەوا قازی محەممەد لەسەر دیوارە.**

ئەو هونەرەی بەڕێزتان باسی دەکەن پێی دەڵێن "street art" کە تەعبیر لە هونەری سەرشەقام یان هونەری موقاوەمەت دەکا. لە سەردەمانی تەمەدوونی ئاشووردا، ئەوان هەر کارێکی کردوویانە لەسەر دیوار و دیوارنیگارەکاندا تۆماریان کردووە. بەڵام لە هونەری نوێ‌دا ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین هونەری هاوچەرخ و لقێکی دەبێتە هونەری شۆڕشگێڕی؛ هونەری شۆڕشگێڕیی لەم چەشنە یەکەمجار لە وڵاتێکی وەکوو مەکزیک دەردەکەوێ. ڕێبەرانی شۆڕشە گەورەکان و ئەو شۆڕشانە کە خەڵکی کردوویانە، کەسانێکی وەک "دوایی دالفارۆ، "سکت دی رووس" و "دیێگو ڕیوێرا" ئەوانە کە بۆخۆیان لە پێشەوەی بزووتنەوەی ئەو مێژووییەدا بوون، بڕوایان لەسەر ئەوە بوو کە هونەر نابێ لە چوارچێوەی ماڵان یان لە ماڵی دەرەبگ و دەوڵەمەندان دابێ، هونەر دەبێ گشتی و لەبەرچاوی هەمووان بێ. هەموو جەماوەر کەڵکی لێ وەرگرن و هونەر دەبێ نیشانەی هەست و هەڵویستی شۆڕشگێرانە و، ڕەنگدانەوەی ژیان و خەبات و چالاکیی خەڵکی کۆمەڵگەیەک بێ. ئەوە بوو بە هەوێنی ئەوەی کە لقێک وەکوو نیگارکێشیی دیواری "street art"، یان هونەری سەرشەقام سەر هەڵبدا کە دواتر لە وڵاتانی ئورووپایی کەسانێکی زۆر بەناوبانگ ئەو کارەیان گەیاندە لوتکە. لە ئورووپا "گیت هارینگ" و لەم دواییانەدا "بەنگ سی" کە هەڵوێستەکانی خۆی و نارەزایەتییەکانی خۆی دەردەبڕی، لەبارەی سیاسەت یان هەڵە و چەوتییەک کە سیاسەتمەدارانی وڵاتانی ئورووپایی یان وڵاتانی دنیا دەیکەن سەبارەت بە خەڵکی خۆیان.

**مێژووی ئەم هونەرە لە کوردستانی خۆمان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

ئەم هونەرە تەبیعەتەن لەنێو ئێمەش‌دا ئەگەر زۆر بە شێوەیەکی وێنە نەبووبێ، بەڵام لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا وەکوو ئێستا و لە ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازیی گەلی کورددا کەسانێکمان هەبوون کە لە بواری گرافیک یان وێنەوە کاریان کردووە. ئەوان توانیویانە وەکوو دروشم نووسین، وەکوو ئەوەی کە لەسەر دیوار کردوویانە کە ئەگەر من ناوێکی مۆدێرنی بۆ ببینمەوە دەڵێم تۆمارێک بووە لەسەر دیوارەکانی شار، هاوکات هەڵویستێکی شۆڕشگێڕانەی ئەو کەسانە بووە کە لەسەر دیوارەکان دەریان بڕیوە و ئەو هەست و هەڵویستەی خۆیان یان ئەو پەیامەی کە بزووتنەوەکەیان یان شۆڕشی ئەو میللەتە ویستوویەتی بە خەڵکی بگەیەنێ. ئەو کارەی من دەیکەم ئیلهامەکەم لە هونەری شەرقی وەرگرتووە، بەڵام بە دەربڕین و چەمکگەلێکی مۆدێرن کە تێکەڵ بە هونەری ڕۆژئاواییش بووە.

**کاک شۆڕش باست لەوە کرد کە ئەم کارە نوێیەی بەڕێزت نیشانەی ئەوەیە هونەر لە ژوورێکی تاکەکەسییەوە بێتە سەر شەقام و بێتە سەر دیوار. لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان ئەو کارەی کە بەڕێزت کردت، نەخشاندنی پەیکەری پێشەوای مەزنە. پرسیار ئەوەیە بۆ پێشەوا-ت هەڵبژارد و بۆ دیوارەکانی قەڵای دێموکرات؟**

ئەمن دوای ئەوەی بە ناچار ڕۆژهەڵاتی کوردستانم بەجێ هێشت، ژیانی سیاسییم چووە قۆناغێکی دیکەوە. تەبیعەتەن لەسەر بنچینەی بنەماڵەیی و زۆر شتی دیکە. من ڕێبازێکم هەڵبژاردووە کە ڕێبازی حیزبی دێموکراتە. بێ ئەملاوئەولا، ئەگەر بگەڕێینەوە نێو قەڵا لە کۆنەوە، لە کەوناراوە، قەڵا سیمبولی خۆڕاگری و بەرخۆدان بووە. یانی لەهەر وڵات و قەڵەمرەوێک کە قەڵاکە رووخاوە، ئەو وڵاتەش شکستی خواردووە و داگیر کراوە. ئەوەی کە من قەڵا-م هەڵبژاردووە، قەڵا ئەو هێما و سەمبوولە بووە کە من ویستوومە کاری تێدا بکەم. لەنێو قەڵا و لەنێو حیزبی دێموکرات‌دا کاتێک ئەمن کەسایەتییەک هەڵدەبژێرم وەکوو قازی محەممەد، ئەو کەسایەتییە بۆ منی نەوعی، بۆ منی هونەرمەند جیا لە ڕەهەندە سیاسییەکەی، هەڵگری زۆر شتی دیکەیە. بۆ وێنە وێنەی پێشەوا هەڵگری زۆر پەیامە، هەڵگری پەروەردەی نیشتمانییە، تەعبیر لە مەزنیی گەورە پیاوی مێژووی کوردە. من دەبینم کە پێشەوا وێنەی تاکەکەسیی لەگەڵ هێمن و هەژار هەیە. لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەوکات‌دا کە دەسەڵات لە پاوانی دەرەبەگ و ئاغاوەت‌دا بووە، بەڵام پێچەوانەی نەریتەکان پێشەوا دوو تازەلاوی شاعیر کە تازەش دەستیان بۆ قەڵەم بردووە، لەمبەروئەوبەری خۆی دادەنێ. بۆ، چونکی قازی محەممەد دەیەوێ نەتەوە دروست بکا، نیشتمان چێ بکا، بۆ ئەوەش هەموو شتێکی لەسەر پەروەردە دادەنێ.

کاتێک ئەو ئینسانە باس لە پەروەردە دەکا، ئەوانە داتایەکی فیکری، فەرهەنگی و پەروەردەیین کە من لەو وێنانەدا دەیانبینم. شایەد بۆ زۆر کەسی دیکە مانایەکی دیکەی هەبێ. کاتێک سێ دانە خوێندکاری زانکۆی ئەفسەری لە زانکۆ دەگەڕێنەوە و لە کۆبوونەوەیەک‌دا پێشەوا قسەکانی ڕادەگرێ و دەڵێ: "ببوورن من وتارەکەم کورت دەکەمەوە، چونکی چەند کەسێک لە خوێندکارانی زانکۆ هاتوونەتەوە و من دەبێ بە پێشوازیانەوە بچم". ئەوە نیشاندەری گرینگیی پەروەردە بوون و ئەو شتەیە کە پێشەوا قازی محەممەد، کاری لەسەر کردووە و گرینگیی پێ داوە، چوونکە ئەوانە پەیامی ئەو شۆڕشە، پەیامی خەباتی ئەو نەسلە بۆ نەسلەکانی دیکە دەگوازنەوە. تەنانەت زەمانێک کە پێشەوا باس لە "کۆمار" و باس لە "دێموکراسی" دەکا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا تەواوی وڵاتانی دەوروبەری ئەو دەسەڵاتی پاشایەتی و دیکتاتۆرین، بەڵام ئەو ئینسانە هەڵدەستێ و باس لە دێموکراسی و جمهوورییەت دەکا.

هەروەها ئەو گرینگییەی کە ئەو دەیدا بە نەسلی نوێ بەتایبەت لە ئەدەبیات‌دا، لە پەروەردەدا، لە هونەردا بۆ وێنە کەسانێکی وەکوو کاک "سەدیقی ئەنجیری‌ئازەر"، "عەبدولڕەحمان زەبیحی"، "حەسەن قزڵجی" و زۆر کەسی دیکەش. ڕاستە شایەد لەو زەمان‌دا گرافیستێکی باش نەبووبێ، نەققاشێکی باش نەبووبێ، پەیکە سازێک نەبووبێ، بەڵام ئەو ئەدەبیات و هونەری بەرگرییە لەو کاتەوە شکڵی گرتووە و بۆ من ڕەمز و کۆد-ن. ئەمڕۆ پەیامی ئەو نەسلە بە من دەدا کە چۆن درێژەدری ئەو ڕێباز و ڕێچکە بەرگریکارییە بەرنەدەم و وەکوو تاکێک لەو کۆمەڵگەیەدا هەڵویستم هەبێ.

**تابلۆکە تەعبیر لە چی دەکا، دەیەوێ بڵێ چی، یان جەنابت دەتەوێ کام مەبەست و مژار بێنیە بەرباس؟**

ئەمرۆ من لەنێو خەڵکەکەی خۆم‌دا نیم بەڵام بەم بۆنەیە -٢ی ڕێبەندان- و بەم بەرهەمە، پەیامێکی دیکە بە کۆد و بە وێنەوە بۆ گەل و نەتەوەی خۆم زیندوو دەکەمەوە، وەکوو برینێک کە قەتماخەکەی لادەی خوێی پێوە بکەی بۆ ئەوەی بیکولێنیەوە، بۆ ئەوەی وەبیر خەڵکی بێنییەوە، کە تۆ چ گەوهەرێکت لە مێژووی خۆت‌دا هەبووە.

من لە قەڵای حیزبی دێموکرات‌دا و لە شوێنێک کە ویستیان وێرانی کەن، لە شوێنێک کە ویستیان بیڕووخێنن و مووشەکیان تێگرت، بەڵام وەک دەبینین هەر لەسەر پێیە و هەر ڕەمزە. ئەمن ویستوومە لەو ڕەمزەدا هاوکات ڕەمزی خۆڕاگری و هەرمانی نەتەوەیەکیش بنەخشێنم کە بە تەواوی نەسلەکانی دیکە و بە نەسلەکەی خۆشم بڵێم ئێمە درێژەدەری ئەو ڕێگایەین، ئەو خەباتەین و، لەسەر پێین و ناکەوین.

**کاک شۆڕش بۆخۆت باش دەزانی ئەساسەن، یەکێک لە پێناسەکانی هونەر یانی "ئیعتێراز". دەشبینین کە نەیارانی کورد بەچڕی لە هەوڵ دان بۆ سڕینەوەی بایەخە مێژووییەکان و بۆ نموونە لە بەڵگە و نووسراوەکانی ئەوندا یان بە لاوازی یان بە خراپی باسی "پێشەوا" دەکەن کە بۆ ئێمە ڕەمزە. هونەری بەڕێزت جیا لەوە کە نارەزایەتیی دەربڕینە، لەم ماوەیە چەندە توانیویە ببێ بە هۆیەک بۆ ئەوە کە نەسلی نوێ ئاوڕێکی باشتر لە شوناسی خۆی بداتەوە. مەبەستم ئەوەیە ئایا لە خۆت ڕازیی لەوەی کردووتە؟**

تەبیعەتەن ئەمن ناتوانم بڵێم لە خۆم ڕازی بم، هونەرمەند دەبێ خەڵک لێی ڕازی بێ و من هیچ داهێنانێکم نەکردووە و ئەزموونێکە دەیکەم. لەو ئەزموونەدا دوو ڕۆژی دیکە ڕەخنەگران کە هەڵی‌دەسەنگێنن کە ئایا ئەوە کارێکی هونەری بووە یان کارێکی هونەری نەبووە! بەڵام بەداخەوە ئەمرۆ لە کوردستان دیکتاتۆری لە چوارپارچەی کوردستان زاڵە، بە هەموو جۆرێک دەیەوێ شوناسی نەتەوەیی ئێمە بسڕێتەوە، ئەگەر توانیبای سەرکەوێ ئەمرۆ منێک نەدەبووم لەو کۆمەڵگەیە کە بێ و ئەو حەققانییەتە و ئەو جوانی‌ناسییە لە بیرۆکەیەکی ئازادیخوازی نەتەوەیەک‌دا بدرکێنێ. تەبیعەتەن هونەرمەندانی زۆر گەورە هەن و من بە قامکی ئەوانیش نابم، مامۆستای زۆر شارەزا لە هەموو بوارە جیاجیاکان‌دا، کەسانی زۆر سەرکەوتوو کە لە شێعر، شانۆ و فیلم کاریان کردووە و حەققانییەتی ئەو میللەتەیان بە تەواوی بە دنیا سەلماندووە. بەڵام ئەوەی کە من باسی دەکەم ئەوەی کە کۆدیکە لە وێنەیەکی سادەدا من وەریدەگرم، بۆ منی نەوعی و هەزاران کەسی دیکە بۆتە ئیلهام، دەمەوێ کار بکەم بۆ وێنە پەیامێکی بە تەواوی جیاوازتر و ئەوەی کە تۆ حەققانییەتی ئەو خەباتە لە ناخی من و هەزاران کەسی وەک من‌دا دەبینی کە ئەو ڕێگایە ڕێگایەکە بەرەو خۆر. ڕێگایەکە کە وەستانی نییە، ڕێگایەکە کە بەردەوامە و ڕێگایەکە کە داهێنانی تێدایە. ئێمە دەبینین داگیرکەرانی نیشتمان نەیانتوانیوە ڕێمان لێ ون بکەن و بمانسڕنەوە، چونکی پێشەوا قازی نەخشە گەورەکەی بۆ کێشاوین.

**ئەساسەن شکڵ گرتنی شێوەی ڕوانین یان ڕوانگەی هەر هونەرمەندێک یەک شەوە نییە هونەرمەند ئەو شتانە وا لە هونەرەکەی ڕەنگ دەداتەوە جۆرێک بە ئەزموونی ژیانییەوە گرێ دراوە، پرسیار ئەمەیە شۆڕش ئاهی لە چ قۆناخێک‌دا ژیاوە کە بە پێچەوانەی هێندێک هونەرمەند خۆی و هونەرەکەی لە خزمەت نەتەوەکەی‌دا داناوە؟**

ئەو شتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی من و سەردەمی لەدایک بوونی من.

دەزانن ئێمە وەکوو میللەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەبەر شاڵاوێکی زۆر نارەوا کەوتین، وەبەر فتوای جیهاد کەوتین و بنەماڵەی من و هەزاران کەسی دیکەش کە زیانیان لێ کەوت. ئەمن بە منداڵی بابم شەهید بووە و بنەماڵەی ئێمە تێچوویەکی زۆری داوە. چەندین شەهیدی دیکەمان لە بزووتنەوەی ڕەوای ڕزگاریی گەلی کورددا هەبووە، لە تاراوگە بووین، دەردی من دەردی هەزاران بنەماڵەی وەکوو من بووە کە وەبەر شاڵاوی تەبعید و داگیرکردنی ماڵ و سامان و دەرکردن لە زێد و نیشتمان کەوتووین. ئەمن ئازیزترین کەسەکانم لە دەست داوە.

جا ئیدی ئەمن ئەگەر باس لە شتێک دەکەم لە ئەسڵ‌دا باس لە هیچ شتێکی دەرەکی ناکەم کە بڵێی شتێکی سەیر و سەمەرە بێ، لە ئەسڵ‌دا من دەگەڕێمەوە سەر دەروونی خۆم، ژیانی خۆم، ژیانی خۆم لەنێو کۆمەڵگەدا، پەروەردەی خۆم لەنێو کۆمەڵگەدا و باوەڕ و ئینتیماکانم.

**پرسیارێکی تایبەت کە ڕەنگبێ نەتەوێ وەڵامی بدەیتەوە. لە هێندێک لە کارە هونەرییەکانت‌دا ئەو ڕوخسارانەی کە دەیانکێشیەوە چاویان نییە، ئەوە شتێکی ئینتیزاعییە یان پێوەندی بە ژیان و ناخی خۆتەوە هەیە؟**

یەکەم جارە لەو بارەوە پرسیارم لێ دەکرێ، شایەد من وەکوو قسەیەکی دۆستانە لە لای زۆر لە دۆستەکانی خۆم گوتبێتم، ئەو شتە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی تاکەکەسیی منەوە هەیە. من لە تەمەنی کوڕەکەی خۆمدا بووم -سێ ساڵ، سێ ساڵ و نیو- کە بابم شەهید بوو. بەداخەوە ئەوکاتیش ئەگەر پێشمەرگەیەک شەهید دەبوو بێڕێزییەکی زۆر بە تەرمەکەی دەکرا. ڕێژیم بۆوەی خەڵک چاوترسێن بکا تەرمی شۆڕشگێرکانی بە ماشین ڕادەکێشا یان بێڕێزیان پێ دەکرد. یەکێک لەوانە کە من ڕاستە پێی نیگەران دەبم کە باسی دەکەم و دڵم پڕ دەبێ، شایەد خۆش نەبێ، بنەماڵەی من، یانی خۆشکەکەم و من واماندەزانی ئەگەر خومەینی بمرێ بابی من دێتەوە، خوشکم داخڵەی کرێبوو و هەموو جارێک دەیگوت ئەگەر خومەینی بمرێ، بابم دێتەوە و کەواوپانتۆڵی بۆ دەکڕم، لەحاڵێک‌دا ئێمە لەبیرمان نەمابوو، و زۆر چکۆلە بووین. ئەو بابە لە پشتی ماشێن ڕایان‌کێشابوو، چاویان بە سەرەنێزە هەڵکۆڵیبوو... بابی منیش بەشێکە لەو کارەساتانە، بۆیە قەت دڵم بڕوایی نەداوە و لەو کارانەی لەسەر کۆمەڵکوژی کردووومە، ئەوانەی کە باس لە قەڵاچۆ و کوشت و کوشتار دەکا، ئەوەم کردووە. ڕاستە تێکنیکەکەم هونەرییە و شایەد زۆر جوانکاریی هونەرییشی تێدا نەبێ، بەڵام بە خاتری کەسێک و بە حورمەتی ئەو چاوانەی کە هەمیشە لە دیتنیان بێبەش بووم، چاوم بۆیان دانەناوە.

**دووبارە دەچمەوە سەر خانەی هونەری بەرگری. کورد چەندە پێویستی بە هونەری بەرگری هەیە و ئەساسەن هونەری بەرگریی کورد توانیویەتی شان بە شانی کلاشینکۆف لە وروژاندنی خەبات، لە گەیاندنی پەیامی خەبات کاریگەریی هەبێ؟**

لە میللەتانی دیکەدا، مەسەلەن کەسانێکی وەکوو "ویکتۆر خارا" ئەوانە بە هونەرەکەی خۆیان لەسەر وشیاریی خەڵک کاریگەرییان هەبووە و هونەرمەندانی ئێمەش کەمیان نەکردووە و کەمیان کاریگەری دانەناوە. ئەگەر هونەر وەک چەکێکی گرینگ کەڵکی لێ وەرگرێ کە دوانەی دانەبڕاون لەگەڵ شۆڕش، بەرهەمی زۆر دەبێ. ئێستا دەبینین کە مەسەلەن لە جەریانی ماوەیەک پێش شۆڕشگێڕانی ئێمە چوونەتەوە ناوچە خەباتیان کردووە. کە شەهید بوون هونەر و هونەرمەندانی دەروەست خۆیان بەخاوەنی ئەو خوێنە زانیوە. هەروەها هونەرمەندی وامان هەبووە، هاتوون بۆ ڕێزگرتن لە شەهید "شەریف باجوەر" و هاوڕێیانی نیشتماندۆستی فیداکار لە گەردنەی "تەتە" لەسەر گاشەبەردەکان شتێکی زۆر باشیان لەسەر شەهید "شەریف باجوەر" نەخشاندووە و زۆر کەسانی دیکە شایەد لەو وتووێژە مەجال نەبێ و دەمهەوێ ئەوە بڵێم هونەری کوردی شان بە شانی شۆڕش و پێشمەرگە هەبووە.

**سپاس بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا**

سپاس کە بەسەرتان کردمەوە.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:791 3 February 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


بەر لە ماڵاوایی

# بەر چاوی خەڵکی کوردتان پێ لێڵ نابێ

**(ڕاگەیاندنی ناوەندی هاوکاری لەمەڕ پەلەقاژە تەبلیغییەکانی ئەو ماوەی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی)**

**جەماوەری تێکۆشەر و خۆڕاگریی کوردستان!**

لە ماوەی ڕابردوودا دامودەزگا ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک پروپاگەندەی تەلیڤیزیۆنی بە دژی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان بە تایبەتی ڕێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی ئێران کردووە، کە سەرانسەر پروپاگەندەی پڕوپووچ و بێبنەما و بە مەبەستی تێکدانی مێژووی پڕ لە شانازی بەرەنگاریی میللەتی کورد و شکۆی حیزبەکانی بووە.

دیارە ئەم دیاردەیە بۆ جوولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نامۆ نییە و هەمووان بە تایبەتی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان شارەزایی تەواویان لە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتگەلە هەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مەبەستی چەواشەکارانەی هەیە و دەیانهەوێ ڕوخساری بەرحەقبوونی جوولانەوەی کورد بشێوێنن. بەڵام دەبینین تا دێت ڕواڵەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی زیاتر بۆ خەڵکی ئێران بە گشتیی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی دەردەکەوێ. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەموو هەوڵی خۆی داوە کە بە کەلکوەرگرتن لە هەڵبەستنی درۆ و دەلەسە و بوختان و شکاندنی کەسایەتییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد، ڕواڵەتی ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە و کەلێن بخاتە نێو جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئەحزابی کوردستانی ئێران؛ بەڵام لەو کارەدا نەک سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو بە درێژایی ئەم مێژووە هەردەم شکستی هێناوە.

هەر وەک باس کرا دەزگای تەبلیغات و ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی (صداوسیما) ئەو جارەش بە نیشاندانی ئەو بەرنامە تەلیڤیزیونییە لەژێر ناوی (لبه دوم تیغ) بە قسەی خۆیان بەئامانجی ڕۆشنگەری لەسەر حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی حیزبەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی گوایە خەڵکی کوردستان لە ڕاستیی ڕووداوەکان و ناخی حیزبەکان بگەیەنن و بەخەڵکی کوردستان بڵێن ئەو حیزبانە ناتوانن جێگای ئومید و هیوا بن، بەڵام خەڵکی کوردستان لەوە وریاتر و چاوکراوەترن کە بکەونە داوی ئەو جۆرە لە پروپاگەندە لە دژی حیزبەکانی خۆیان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو ئەو پروپاگەندانەی بە دژی ئەحزابی کوردستانی ئێران لە لایەن دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی کراوە، پێگەی ئەو حیزبانە لەنێو خەڵکی کوردستاندا هەروا بەهێز ماوەتەوە و هەموو کات لە پرسە نەتەوایەتی و نیشتیمانییەکاندا لە پشتی حیزبەکانی خۆیان ڕاوەستاوەن. هەموو لایەکمان بە ئاشکرا دەبینین کە جوولانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبەکانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردندایە و کۆماری ئیسلامی لە پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان بەتەواوی نیگەران و دەستەوەستانە و لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەو نیزامە دیاردەی هەژاری، بێکاری، سەرکوت، ئەشکەنجە و ئیعدام، بێئیعتباریی سیاسی و... کە بەرهەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامییە، ئەوە بەشی خەڵکی ئێران بووە.

دەسەڵاتدارانێک کە بە مەبەستی گەندەڵی زیاتر و بە بەهانەی دژایەتی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا دریخی واکسینی کرۆنا لە نەتەوەکانی ئێران دەکەن، ڕێژیمێک کە بە شاردنەوەی هەموو ڕاستییەکان لەوانە نەدانی زانیاریی دروست لەسەر چۆنیەتیی بەربوونەوەی تەیارەی ئۆکراینی لەسەر ئاسمانی تاران و گیان لەدەستدانی هەموو مۆسافیران، ڕێژیمێک کە بە درۆ و شاردنەوە لەسەر ئاماری گیانلەدەستداوان و توشبووانی ویرووسی کرۆنا تەنانەت لەسەر ژیانی خەڵکیش هەر درۆ و چەواشە دەکا، ڕێژیمێک کە هەر لەسەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی تیرۆر و تیرۆریزمی کردۆتە کەرەسەی مانەوەی خۆی و شەرعییەتی پێ داوە، ناتوانێ بەم جۆرە پروپاگەندە نزمانە بەر چاوی خەڵک لێڵ بکا و بۆ مانەوەی خۆیان چارەنووس و ژیانی هەموو دانیشتووانی ئێران بکەنە قەڵغانی پاراستنی خۆیان.

لە بەرەبەری بڵاوبوونەوەی ئەو دیکۆمێنتارە لە دەنگوڕەنگی ئێران، دەزگاکانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی شاڵاوێکی بەربەرینیان بۆ گرتن، ئیعدام و ڕاوەدوونانی تێکۆشەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە بەشە جۆراوجۆرەکان ئێران بە گشتی و کوردستان، بەلووچستان و ئەهواز بە تایبەتی وەرێخستوە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران گرتنی کۆمەڵێکی بەرچاو لە چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی و بڵاوبوونەوەی ئەم پروپاگەندانە لە یەک ئاراستەدا دەبینی و خەڵکی کوردستان و ئێران وشیار دەکەینەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ داپۆشینی سات و سەودای نوێیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەکی دەستی داوەتە سەرکوتی نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی خەڵکی مافخوراوی کوردستانی ئێران.

بەو مەبەستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران دڵنیا دەکەینەوە کە ئەم کردەوانەی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا ئێمە لە ئامانجی پیرۆزمان دوور ناخاتەوە، بگرە خۆشەویستی حیزبە جەماوەرییەکانی کوردستان لە دڵی خەڵکی کورد زیاتر دەکا و لە هەمان کاتیشدا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئێمە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی باسمان لێ کردووە، ئەویش ئەوەیە کە تا کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی لە ئێران لە دەسەڵاتدا بن نە ئێران ڕووی ئازادی و بەختەوەری بە خۆیەوە دەبینی و نە ناوچەکەش ئاسوودەیی و ئارامی.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان





بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ڕۆژی چوارشەممە ١ی ڕێبەندانی ٩٩ی هەتاوی، سمینارێک لە لایەن کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبەوە بۆ بەڕێزان دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە و دوکتور هوشمەند عەلی پێکهات.

لەو سمینارەدا د. هووشمەند عەلی لەباری مێژووییەوە ئەو ڕووداوە گرینگەی نەتەوەی کوردی لێکدایەوە و بە شرۆڤەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کۆمار ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر چی تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کورت بوو، بەڵام هەندێک خاڵی بەهێزی وەک هێمای نەتەوەیی چەشنی ئاڵا، سوپای مللی، بایەخدان بە زمان و ئەدەبی کوردی، دامەزراندنی هەروەها بەشداریکردنی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە دامەزراندی کۆمار هەبووە.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا د. ئاسۆ حەسەنزادە باسی لە شێوەی هەڵسوکەوتی پێشەوا لەگەڵ ناوخۆ و دەرەوەی کۆمار کرد و ئەو شێوە تەعامولەی پێشەوای ژیرانە ناو برد.

د. ئاسۆ حەسەنزادە لە درێژەی قسەکانی تیشکی خستە سەر ئەو بابەتەی کە هێزی سەرەکیی کۆمار، چینی عەشایر و دەرەبەگ بوون و ئەوە بەڕێوەبەری کۆمار بوو کە بە شێوەیەکی مودێرن ئەو هێزەی مودیرییەت دەکرد. بەڕێزان لە کۆتاییدا تیشکی خستە سەر سێ خاڵی گرنگ و گوتی ئەزموونی کۆماری کوردستان بە ئێمە دەڵێ لە ئەگەری پێشهاتنی دۆخێکی هاوشێوەی سەردەمی کۆمار ئەگەر ئەو فاکتورانەمان لەبەرچاو نەگرین و بە کردەوە خۆمانمان بۆ ئامادە نەکردبێ، دیسان مێژوو دووپات دەکرێتەوە. ئەو خاڵانەش بریتین لە یەکگرتوویی بەکردەوەی ماڵی کورد، کونترۆڵی خاکی کوردستان بە گشتی، کە گرێدراوی خاڵی یەکەمە و پێوەندی باشی نێودوڵەتی.

# د. مستەفا ئیلخانیزادە لە بۆکان دەسبەسەر کرا

د. مستەفا ئیلخانیزادە، نووسەر، وەرگێڕ و بەرپرسی «فێرگەی زمانی کوردی و ئەدەبییاتی منداڵانی ئەدەب» لە شاری بۆکان دەسبەسەر کرا.

هێزە لیباس شەخسییەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە شاری بۆکان بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٦ی ڕێبەندان هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی د. مستەفا ئیلخانیزادە و بەبێ حوکمی پشکنین و دەسبەسەر ناوبراویان گرتووە و لەگەڵ خۆیان بردوویانە. هاوکات چوونەتە شوێنی کارەکەی و دەستیان بەسەر کۆمەڵێک کەلوپەلی شەخسیی ناوبراو و کۆمەڵێک لە نووسینەکانی داگرتووە.

د. مستەفا ئیلخانیزادە کە تەمەنی سەروو ٧٠ ساڵە، ماوەیەک لەوەپێش لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا ڕەخنەی لە بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان و مەترسیی شوێنیزمی تورک و پیلانە مەترسیدارەکانی پان تورکیستەکان بە هاوکاریی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا گرتبوو. ناوبراو لەو نامەیەدا تیشکی خستبووە سەر ئەوەی هەم لە ڕێگەی سەردان و نووسینی نامەوە بۆ نوێنەرانی کورد لە مەجلیس و کاربەدەستانی ئیداری بۆکان و شارەکانی دیکەی کوردستان چەندین جار داوای پێڕاگەیشتن بەو کێشانەی کردووە، بەڵام یان بەهۆی هاوبەشیی کاربەدەستان لەو بەرنامانە یان لە سۆنگەی بەرژەوەندییان لە پشتگوێخستنی ئەم بابەتانەدا، وەڵامێکی لێ وەرنەگرتوون.

فێرگەی زمانی کوردی و ئەدەبییاتی منداڵانی ئەدەب کە ڕێکخراوەیەکی کولتووریی شاری بۆکانە و تا ئێستا دەیان کۆرسی خوێندنی زمانی کوردی و پرۆژەی کردنەوەی کتێبخانەی لە گوندەکانی ئەم ناوچەیەدا بەڕێوە بردووە، لە تازەترین چالاکیی خۆیدا بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە بردبوو.

جێی بیرهێنانەوەیە کە شەپۆلی نوێی ڕەشبگیرەکانی ئەم دواییانە هەموو شارەکانی کوردستانی گرتووەتەوە و هەتا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد دەسبەسەر و شوێنبزر کراون.



# بانگەوازی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لەهەمبەر ڕەشبگیریی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




هەردوو ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بانگەوازێکی هاوبەشدا ڕەشبگیریی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد.

لەو بانگەوازەدا ڕوو لە یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست و ڕێکخراوەکانی ئەندام لە یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست، لەسەر بارودۆخی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێن: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا شەپۆلێکی ڕفاندن و دەسبەسەرکردنی لاوانی ڕۆژهەڵاتی دەست پێ کردووە و نزیک بە ١٠٠ لاوی لە شارە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران خستۆتە بەندیخانەوە. ئەو لاوانەش کە دەستبەسەر کراون، سەرجەمیان هەڵسووڕاوی مەدەنی، ژینگەپارێزی و فەرهەنگین، بەڵام هێزەسەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەشێوەی نامرۆڤانە و بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی، دەسبەسەری کردوون و ئێستاکە چارەنووسی ئەو لاوانە ناڕوونە.

لە کۆتایی بانگەوازەکەدا ئێمە وێڕای گەیاندنی نیگەرانیی خۆمان و کەسوکاری گیراوەکان بە ئێوە، داواتان لێ دەکەین کە بەزووترین کات هەڵوێستتان هەبێ و هەوڵەکانتان وەگەڕ بخەن بۆ پشتیوانی لەم تێکۆشەرانە، ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەو کارانە لەناوبردنی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە کوردستانی ئێران، بێدەنگی سەبارەت بەو هەڵسوکەوتەی ڕێژیمی ئێران دەرئەنجامی تاڵی لێ دەکەوێتەوە.

ئەو دوو ڕێکخراوەیە دەڵێن داواکارین بێدەنگ نەبن و لەم پێوەندییەدا هەنگاوی پێویست بۆ هوشداریدان بە کۆماری ئیسلامی هەڵگرن و هاودەنگمان بن بۆ ڕوونبوونەوەی چارەنووس و ئازادیی ئەم بەندکراوانە.